Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090323

# ڕۆڵ و بەشداریی کورد لە پێکهاتەو پەرەپێدانی سوپای عێراق لە سەردەمی پاشایەتیدا(1921- 1958)

سۆزان کەریم مستەفا

بەشی مێژوو// کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان// زانکۆی سلێمانی

فاروق محەمەد محەمەدئەمین

بەشی مێژوو// کۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان// زانکۆی سلێمانی

*Article Info*

Received: April, 2022
Accepted : June ,2022
Published :September ,2022

*Keywords*

کورد، پێگەی کورد، پێکهاتە، پەرەپێدان، سوپای عێراق.

*Corresponding Author*

Suzan.mustafa@univsul.edu.iq
faruq.mohammed@univsul.edu.iq

پوختە

دوای پێکهێنانی حکومەتی کاتی عێراق، لە گرنگترین کارەکانی دامەزراندنی سوپای عێراق بوو، لەلایەن ئەو ئەفسەرانەی پێشتر لە سوپای عوسمانیو شەریفیدا بوون و بۆ عێراق گەڕابوونەوە، کە ئەفسەرانی کوردیش بەشێك بوون لەوانەو ڕۆڵێکی دیارو بەرچاویان لە دامەزراندنو پاشان پێکهێنانی بەشو یەکە جیاوازەکانی سوپادا هەبوو، دواتر لەگەڵ گەڕانەوەی ئەفسەرانی تری کوردو پەیوەندییکردنیان بە سوپای عێراقەوە، بەشداریو ڕۆڵو کاریگەرییان رووی لەزیادبوون کرد. ئەوەش دەخوازێت لە ڕەهەندی جیاوازەوە توێژینەوەی لەبارەوە بکرێتو رۆڵی پێکهاتە جیاوازەکان لە سوپای ناوبراودا بخرێتە ڕوو. کە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، لەو میانەشدا ئەم توێژینەوەیە بە ئامانجی خستنەرووی ڕۆڵو کاریگەری کورد وەك یەکێك لە پێکهاتە گرنگەکانی عێراقو شێوازی ڕۆڵو بەشداریو کاریگەرییەکەی لە پەرەپێدانی سوپای عێراق لە سەردەمی پاشایەتیدا ئەنجامدراوە.

توێژەران بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە، ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی‌و شیکارییان گرتۆتەبەر، ئەوەش لەبەررۆشنایی پرسیاری توێژینەوەکە کە بریتییە لە:

1.بەشداری کورد لە پێکهاتەی سوپای عێراقدا تاچەند ولەچ ئاستێکدا بووە؟

2.رۆڵی کورد لە خوێندنی سەربازیو ئامادەکردنی ئەفسەرانی لێهاتوو بۆ سوپا لە چ ئاستێکدا بووە؟

3.کاریگەریو پێگەی کورد لە سەرکردایەتیکردنو پەرەپێدانی سوپای عێراقدا چۆن بووە؟

توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێك گەیشتووە کە لە کۆتاییدا بە چەند خاڵێك خراونەتەروو.

## پێشەکی:

دامەزراندنی سوپای عێراق لە 6 کانوونی دووەمی 1921 بە ڕووداوێکی گرنگ لەمێژووی هاوچەرخی ئەو وڵاتەدا دادەنرێت، کە دو اتر ڕۆڵی گرنگ و بەرچاو لە پاراستنی ئاسایش و ڕووداوە ناوخۆییە جیاوازەکانی عێراقدا بە ئاراستەی جیاواز دەگێڕێت. هەرلە سەرەتاوە کورد ڕۆڵێکی گرنگ و دیاری لەدامەزراندنی سوپای عێراق و فروانبوونیدا بینی، دوای دامەزراندنی سوپای عێراق، ئەفسەران و کەسایەتییە سەربازییە عێراقییەکان پەیتا پەیتا بۆ وڵات دەگەڕانەوەو پەیوەندییان بە سوپای ناوبراوەوە دەکردو لە یەکەو بەش و پێگە جیاوازەکانی سوپادا خۆیان بینییەوە. لەناویاندا چەندین ئەفسەری کورد هەبوون، کە بەشداری و پێگەی دیارو کارایان لە پێکهاتەو بەڕێوەبردنی سوپای عێراق و پەرەپێدانیدا هەبوو، پاشان چەند کەسایەتیەکی سەربازیی کورد، بە تواناو بەلێهاتوویی خۆیان توانیان پێگەو پۆستی هەستیارو گرنگ و باڵا لە سوپای عێراقدا بگرنەدەست. بۆیە لەو سۆنگەیەوە بەپێویستمان زانی ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی "ڕۆڵ و بەشداریی کورد لە پێکهاتەو پەرەپێدانی سوپای عێراق لە سەردەمی پاشایەتیدا (1921-1958)" ئەنجام بدەین.

ئامانج لەم توێژینەوەیەدا خستنەرووی ڕاستی و دروستی ئاستی بەشداری و گرنگی پێگەو ڕۆڵی کوردە لە سوپای عێراق و پاشان پێشخستن و پەرەپێدانی سوپای ناوبراو و ئامادەکردنی ئەفسەری بەتوانا بەپێی زانستی سەربازی سەردەم لەڕێگەی کردنەوەی قوتابخانەو کۆلێژە سەربازییەکانەوە.

لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا سوود لە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و شیکاری وەرگیراوە، کە خۆی لە کۆکردنەوەی سەرچاوەی ڕەسەن و دروست و کۆکردنەوەی زانیارییەکان و هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردن و شیکردنەوەیاندا بینیوەتەوە.

گرفتەکانی توێژینەوەکە پەیوەستە بە کەمی سەرچاوەو بەڵگەنامەی پێویستی تایبەت بەو بابەتە، لەبەرئەوەی لەناو سوپای عێراق و لە تۆمارکردنی داتاو ڕووداوەکان و سەرچاوەکاندا، گرنگی بە جیامەندی لەسەر بنەمای ڕەگەزی و نەتەوەیی و ڕۆڵی کورد نەدراوە، بەڵکو بەگشتی وەك سوپای عێراقی عەرەبی مامەڵەی لەگەڵدا کراوەو زانیارییەکان تۆمارکراون و خراونەتە ڕوو.

توێژینەوەکە لە دوو باس و ئەنجام پێکهاتووە، لە باسی یەکەمدا هەوڵدراوە باس لە بەشداریی کورد لە پێکهاتەی سوپای عێراقدا بکرێت و هەرچی باسی دووەمیشە بۆ ڕۆڵی کورد لە پێکهاتەو پەرەپێدانی خوێندنی سەربازییدا تەرخانکراوە. لەکۆتایی توێژینەوەکەشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژەران لەمیانەی توێژینەوەکەدا پێی گەیشتوون بە چەند خاڵێك خراوەتەڕوو.

ئەویش بە پشتبەستن بە چەندین سەرچاوەی گرنگ و ڕەسەن، لە گرنگرین ئەو سەرچاوانەی کە کەڵك و سوودێکی زۆریان لێوەرگیراوە بریتین لە هەریەك لە کتێبی (تاريخ القوات العراقية المسلحة، بەشی یەکەم و دووەم و سێیەمی) کە لەلایەن وەزارەتی بەرگری عێراقەوە ئامادەکراوەو دەرکراوە، هەروەها کتێبی (تأسيس الجيش العراقي وتطور دوره السياسي من 1921-1941)ی رجاء حسين حسني الخطاب وەرگرتووە، هەروەها کێبی (الجيش العراقي والسياسة 1941- 1953)ی ابراهيم محمد العقيدی، وێڕای بەکارهێنان و سوود وەرگرتن لە چەندین سەرچاوەی گرنگ و بەسوودی تر.

باسی یەکەم: بەشداریی کورد لە پێکهاتەی سوپای عێراقدا

دوای یەکەم کۆبوونەوەی دامەزراندنی سوپای عێراق کە چەند ئەفسەری کورد تیایدا بەشداربوون، چەندین ئەفسەری تری کورد دوای گەڕانەوەیان بۆ عێراق پەیوەندییان بە سوپاوە کرد. دوای چەند ڕۆژێکی کەم لە 18 کانونی دووەمی 1921 مولازمی یەکەم (سلێمان فەتاح پاشا)[1] پەیوەندی بە سوپاوە دەکات و وەزیری بەرگری عێراق جەعفەر عەسکەری بە یاوەری خۆی هەڵیدەبژێرێت[2]. پاشان لە ساڵی 1925 دەبێتە یاریدەدەری قوتابخانەی سەربازی[3].

دوای ئەوەی لە 21 حوزەیرانی 1921 دەست بە تۆمارکردنی خۆبەخشان کرا[4]، کاتێك ژمارەی خۆبەخشان گەیشتە 334 کەس، یەکەم فەوج (بەتالیۆن)ی پیادەی سوپای عێراق لە 28 تەموزی 1921 بەناوی فەوجی ئیمام موسای کازم پێکهێنرا[5]. ئەویش لە سەر پێشنیازی جەعفەر عەسکەری (1885- 1936) ئەو ناوەی لێنرا[6]، فەرماندەی فەوجەکەش ئەفسەری کورد (عەقید محەمەد ئەمین عەبدولغەفور)[7] بوو[8]. کە بارەگاکەی لە کازمیە لە خان یونس بوو پاشان بۆ حلە گوازرایەوە تاوەکو شوێنی حامیە (سەربازگە)ی بەریتانی بگرێتەوە کە بڕیاری دابوو بەپێی پلانی کەمکردنەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە عێراق بیکشێنێتەوە، هەروەها یەکەمین کەتیبەی سوارەشیان پێکهێنا کە پاسەوانی پاشایەتیش تیایدا بەشداربوو[9].

دوای گەڕانەوەی نوری سەعید (1888-1958) بۆ بەغداد، لە 12 شوباتی 1921 لە پۆستی سەرۆك ئەرکانی سوپا (سوپا سالار) بە وەکالەت دەستبەکاربوو، کە بەر لەگەڕانەوەی بۆ ئەو پۆستە کاندید کرابوو، بەوەش نوری سەعید بوو بە یەکەم سەرۆك ئەرکانی سوپای عێراق[10]. تاوەکو لە 1 کانوونی دووەمی 1922 بە پلەی عەقید، بەبنەرەتی (اصالە) دەکرێت بە سەرۆك ئەرکانی سوپاو تا 25 تشرینی یەکەمی 1923 لەو پۆستەدا بەردەوامدەبێت[11].

لە 18 تەموزی 1921 کرۆکی پاسەوانی پاشایەتی بە یەکەم یەکەی سوارە لە سوپای عێراق لە بەغداد بەناوی (سریەی پاسەوانی پاشایەتی) لە کەتیبەی سوارە پێکهێنرا، کە 45 کەسی لەخۆدەگرت، بەشداربیان لە ئاهەنگی چوونە سەرتەختی مەلیك فەیسەڵ لە 23 ئابی 1921 کرد[12]. ڕائید حاجی ڕەمەزان عەلی ئاغا[13] فەرماندەی ئەو یەکەم سریەیە بوو[14]، کە ناوبراو ئەفسەرێکی کوردی خەڵکی شاری سلێمانی بوو[15]. لە دامەزراندنیەوە لە ساڵی 1921 تاوەکو کۆتایی ساڵی 1922 فەرماندەی سریەی پاسەوانی پاشایەتی بوو، پاشان سریەکە لە 19 حوزەیرانی 1923 بوو بە یەکەیەکی سەربەخۆ لە هەموو ڕوویەکەوەو لەساڵانی دواتردا زیاتر پەرەی پێدراو بەرەوپێشچوو[16].

لەمەڕ خواستی مەلیك فەیسەڵ بۆ فراوانکردنی سوپا بەمەبەستی بەرگری کردن لە کیانی وڵاتەکە، سەرۆکی سەربازگیری گشتی (التجنيد) لە پایەتەخت بڵاوکراوەیەکی بڵاوکردەوە، خواستی مەلیکی لە فراوانکردنی سوپا لەخۆ گرتبوو بەوەی مەلیك فەرمانی بە زیادکردنی موچەی سەربازانی عێراق کردووە[17]، بۆیە کاتێك ئەنجومەنی وەزیران لە تەموزی 1922دا بڕیاری فراوانکردنی سوپایدا، مەلیك پیرۆزبایی لەو بڕیارە کردو خۆشحاڵی خۆی دەربڕی و داوای کرد بەزووترین کات ڕێوشوێنی پێویست بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە بگیرێتەبەر[18].

تێروانینی ئینگلیز بۆ سوپای عێراق جیاواز بوو، کە جگە لە دامەزراندنی هێزێکی ساکار بۆ دەوڵەتێکی داگیرکراو و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ پاشماوەی ئەفسەرانی سوپای عوسمانیو هاوشێوەکانیان لە بێکاران، هەروەها دورکەوتنەوە لەو کێشەو گرفتانەی دەگونجێت رووبدات، شتێکی تر نەبوو[19].

لەکاتی پێکهێنانی سوپای عێراقدا تەنها 640 ئەفسەر لە هەردوو سوپای شەریفیو عوسمانی پێشوو بەشداربوون، هەروەها ئەو خوێندکارانەی لە کۆلێجی سەربازی وەرگیران، زۆرینەیان لە شارەکانەوە هاتبوون، تەنها 25% لەوانە لە ناوچەی هۆزەکانو کوردستانەوە هاتبوون، تاڕادەیەك بەهۆی لاوازی باگراوەندیانەوە، دەخرانە خولی درێژخایەنترەوە لە هاوتاکانیان کە لەشارەکانەوە هاتبوون[20].

ژمارەی ئامادەکردنی خۆبەخشان لەنێوان حوزەیران بۆ کانوونی یەکەمی 1921 گەیشتە (2809) خۆبەخش، هاوکات ژمارەی مانگانەی خۆبەخشان بەرزونزمی پێوەدیارە، ئەوەش بۆ چەند هۆکارێکی جیاواز دەگەڕێتەوە لەوانە:

١. زۆری حاڵەتەکانی هەڵاتن لەنێو خۆبەخشاندا، کە لە ئەنجامی خراپی بارودۆخی خۆبەخشانەوە سەریهەڵدا.

2.کەمی مووچە تەرخانکراو بۆ خۆبەخشانی سوپای عێراقی بەراورد بە سەربازانی هێزەکانی لیڤی، ئەوەش کاریگەری نەرێنی کردە سەر پرۆسەی خۆبەخشی کردنو لە مانگەکانی تشرینی یەکەمو تشرینی دووەمو کانوونی یەکەمی 1921 ئەو کاریگەرییە بەروونی دەرکەوت.

3.دووری شوێنەکانی مەشقو ڕاهێنان لە ناوچەکانی نیشتەجێبوونی بەسەربازگیراوان، کە بۆ بەغداد دەگوازرانەوە، ئەوەش کاریگەری لەسەر بەدەمەوەچوونی خۆبەخشان هەبوو[21].

بەشێوەیەکی سەرەکی دەتوانین ئەم کەمبوونەوەی هەستو سۆزە بۆ پەیوەندی کردن بە سوپاوە بگێڕینەوە بۆ هەردوو هۆکاری کەمی گیانی نیشتمانیو موچەی باشتر کە دەدرا بە سەربازانی لیڤی، کە دوو هێندەی هاوتاکەی لە سوپادا وەردەگرت، مەلیك فەیسەڵ چەند هەوڵێکیدا بە پەنابردن بۆ وروژاندنی هەستو سۆزی گەل بە بەخشینی ناوی کەسایەتییە ناودارەکانی مێژووی عەرەب و ئیسلامی، بە یەکەکانی هێزە چەکدارەکان، بەڵام کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو[22]. دواتر ئەوەی بە خێرایی هەستی خۆبەخشی باش کرد، ئەو بریارە بوو کە دەسەڵاتدارانی بەریتانیا لە کانونی دووەمی 1922 دەریانکرد بۆ یەکسانکردنی مووچەی سەربازانی سوپا بەرامبەر بە هاوتاکانیان لە هێزەکانی لیڤی[23]، هاوکات خۆبەخشیش لە هێزی لیڤیدا لە رەگەزەکانی ناعەرەبدا سنووردارکرا[24].

لەگەڵ ئەوەی عێراق بۆ سێ ناوچەی مەشقو ڕاهێنان دابەشکرا، خۆبەخشانی کەرکوك و موسڵ لە موسڵ مەشق و ڕاهێنانیان پێدەکراو خۆبەخشانی فوراتی ناوەراست لە حلە ڕاهێنانیان وەردەگرت، لەکاتێکدا خۆبەخشانی ناوچەکانی ناوەڕاست لە بەغدا بوون. بۆیە کاریگەری ئەو دوو هەنگاوە لەسەر زیادبوونی ژمارەی خۆبەخشان لە مانگی کانوونی دووەمی 1922دا دەرکەوت[25]. بەوەش زیادبوونی قەبارەی سوپا لەسەر بنەمای خۆبەخشی دەستی پێکرد کە لەگەڵ هاتنی مانگی نیسان ژمارەیان زۆر زیادیکرد[26].

لەماوەی تشرینی دووەمی 1921 بۆ نیسانی 1922 فەوجی دووەم پێکهێنرا کە لە چەند یەکەیەکی سەربازی پێکهاتبوو لە بەتەریەی شاخیو لقی (سریە) گواستنەوە، هەروەها دوو کەتیبەی سوارەو فەوجی سێیەم کە هەموویان بۆ موسڵ نێردران، بەوەش پێکهاتەی سوپا گەیشتە نزیکەی 4000 خۆبەخش، بەوشێوەیە سوپای عێراق بووە خاوەنی سێ حامیەی سەربازیی، ئەوانیش لە موسڵ، بەغدادو حلە[27].

تاوەکو تەموزی 1922 بەشداریکردن لە خۆبەخشی سوپادا بەباشی مایەوە، بەڵکو ئامادەکردنی خۆبەخشان لەوەی دەسەڵاتدارانی بەریتانیا دەیانویست زیاتر بوو، تا ئەوکاتەی لە ئابی 1922 دەرگای خۆبەخشیان داخستو لە ئەیلولی هەمان ساڵدا پەنایان بردە بەرکەمکردنەوەی موچەی سەربازەکان لە 40 روپێوە بۆ 30 روپێ بەمەبەستی کەمکردنەوەی هاندانی خۆبەخشی[28].

لە 20 تشرینی دووەمی 1922 لە حکومەتی یەکەمی (عەبدولموحسین سەعدون)[29] دا، نوری سەعید دەبێت بە وەزیری بەرگری بە وەکالەت، تاوەکو لە 25 تشرینی یەکەمی 1923 بە وەزیری بەرگری (بەبنەرەتی) دامەزرا، ئەوە وێڕای پۆستە سەربازییەکەی کە (سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا) بوو[30].

هەروەها لە 31 تشرینی یەکەمی 1923 مەرسومی پاشایەتی بۆ بەستنەوەی فەرماندەیی سوپای عێراق لە لیوای موسڵ بە موتەسەریفیەتەوە بەشێوەیەکی کاتیو دامەزراندنی جەعفەرعەسکەری بۆ هەردوو پۆستەکە بە فەرماندەو موتەسەریف دەرچوو[31]. جەعفەر عەسکەری لە 4 تشرینی دووەمی 1923 جڵەوی موتەسەریفیەتی موسڵی لە رەشید ئەلخۆجەو جڵەوی فەرماندەیی هێزەکانی سوپای عێراقی لە موسڵ لە فەرماندەی لیوای موسڵ عەقید (تەها ئەلهاشمی)[32] وەرگرت، ئەوەش دوای ئەوەی لە 3 تشرینی دووەمی 1923 مەرسومی پاشایەتی بە دامەزراندنی عەقید تەها ئەلهاشمی بە سەرۆك ئەرکانی سوپای عێراق دەرچووبووو هاشمی وەك سەرۆك ئەرکانی سوپا بۆ بەغداد گەڕایەوە[33].

هەروەك تۆفیق وەهبی (1891- 1984) دوای بەشداریکردنی لە دامەزراندنی سوپای عێراقدا بە ئەفسەر لە فەرمانگەی بزاوتنی سەربازیی دامەزرا، لەو کارەیدا مایەوە تا کاتی پەیوەندی کردنی بە شێخ مەحمودی حەفید لە 25 ی ئەیلولی 1922، بۆ یارمەتیدانی لە پێکهێنانی حکومەتی دووەمی لە سلێمانی[34].

زۆرینەی رۆشنبیرانو فێرخوازانو ئەفسەران ئەوانەی کە پێشتر لە سوپای عوسمانیدا خزمەتیان کردبوو، هەوڵیاندەدا بۆ دورخستنەوەی سەرکردایەتی کوردی لە تورکەکانو نزیك کردنەوەیان لە ئینگلیز، بەو پێیەی تاکە دەوڵەتە کە دەتوانێت بڕیار لەسەر ئایندەی ناوچەکە بدات، لە بەرامبەریشدا رەوتی (عەشایرو لایەنگرانی تورکەکان) هەبوون، کە بە مۆرکی ئایینی ناسرابوون و ئینگلیزیان بە کافر دادەناو ئەوانەشی هاوکارییان دەکرد بە هاوبەشی کافرانیان لەقەڵەم دەدا، خواستیان بوو لە تورکەکان نزیك ببنەوە[35]. ئەنجامی ئەم ململانێیە دواتر بە روونی لەسەر رۆشنگەران دەرکەوت، تەنانەت کاریگەری لەسەر سەلامەتی ژیانیان هەبوو، لەبەرئەوە هەندێك لەوانە سلێمانییان بەجێهێشتو خۆیان رادەستی دەسەڵاتدارانی بەریتانیا یان حکومەتی عێراقی کرد[36]. دوای بەجێهێشتنی سلێمانیو سەرلەنوێ گەڕانەوەی بۆ بەغداد بەماوەیەکی کەم، تۆفیق وەهبی گەڕایەوە بۆ خزمەت لە سوپای عێراقدا، لە ساڵی 1923 بە فەرماندەی خانەی مەشقو ڕاهێنانی سەربازیی دەستنیشان دەکرێت، لە سەرەتای ساڵی 1925 بە بەڕێوەبەری بزاوتن لەوەزارەتی بەرگری دادەنرێتو پاشان دەبێت بە

فەرماندەی قوتابخانەی سەربازیو لە هەمان ساڵدا پلەی بۆ موقەدەم بەرزدەکرێتەوە[37].

دوای گەڕانەوەی محەمەد ئەمین زەکی بەگ بۆ عێراق لە 6 ئابی 1924 بە پلەی موقەدەم لە ڕشتەی پیادە، پەیوەندی بە سوپای عێر اقەوە دەکات[38]، لەم بوارەشدا محەمەد ئەمین زەکی بەگ پێگەیەکی بەهێزی لەناو هاوڕێ کوردەکانیدا بە پلەبەندی لەبەرزترین پۆستەکاندا گرت[39]، دوای هەڵبژاردنی بە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە خولی یەکەمدا (16 تەموزی 1925- 28 کانونی دووەمی 1928)[40]، بە سەرۆکی لیژنەی سەربازیی هەڵبژێردرا کە لە گرنگترین لیژنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بوو لە سەرەتای خولەکەدا پێکهێنرا[41]. هەروەها لە خولی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەراندا (19 ئایاری 1928- 14 ئازاری 1930) محەمەد ئەمین زەکی چەند بیروبۆچونێکی زۆرگرنگی سەبارەت بە پەرەپێدانی سوپای عێراق لە ڕاپۆرتێکی دوورودرێژدا لە 29 کانونی یەکەمی 1928، بەبۆنەی گفتوگۆکردنی بودجەی ساڵی نوێی وڵاتەوە پێشکەشی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران کرد، لەبەر گرنگیەکەی لە ساڵی 1929 لە پەرتوکێکی قەبارە بچوکی 34 لاپەڕەییدا بە چاپ گەیەنراو بەسەر ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەراندا دابەشکرا، کە لە ئامادەکردنیدا پشتی بە چەند سەرچاوە بە زمانە جیاوازەکان، وەك بڵاوکراوە سەربازییە ساڵانەکانی کۆمەڵەی گەلان بۆ هەردوو ساڵی 1924و 1926، یاسای بودجەی حکومەتی میسر لە ساڵی 1928- 1929، ڕاپۆرتی دارایی حکومەتی ئێرانو تورکیا، هەروەها یاساکانی بودجەی حکومەتی عێراق لە ساڵانی 1924- 1928و بەشێك لە دانراوە سەربازییەکانی خۆی و سەرچاوەی دیکە بەستبوو[42].

وێرای لێهاتوویی و شایستەیی و تایبەتمەندی کەسایەتی ئەفسەرە کوردەکان، بەڵام بێگومان ئەوە بەتەنها بەس نەبوو بۆ بەخێرایی دەرکەوتنی کوردو بەدەستهێنانی پۆستە گرنگەکان، بەڵکو چەند هۆکارێکی تر ڕۆڵیان لە کردنەوەی دەرگاکان لەبەردەمیاندا هەبوو، بەریتانییەکان لەبەر چەند هۆکارێکی جیاواز خوازیاربوون کورد، بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ قەبارەو سەنگی دیمۆگر افییان لە حکومڕانی کردنی عێر اقدا ڕۆڵ بگێڕن، بەتایبەتی کە ململانێ لەسەر چارەنووسی ویلایەتی موسڵ لەو کاتەدا گەیشتبووە لوتکە، دەیانویست لەنێو ئەو ململانێیەدا کورد بەلای خۆیاندا ڕابکێشن و بارودۆخیان لەناو عێر اقدا لەبارێکی باشتر لەباری برا کوردەکانیان لەناو تورکیا لەبەردەم ڕای گشتی جیهانی دەربخەن، بەتایبەتی دوای ئەوەی کۆمەڵەی گەلان بڕیاریدا بە پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی ویلایەتەکە[43]. هۆکارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ کەمی کەسانی لێهاتوو و پێگەیشتوو لەوکاتەدا، ئەوەش ڕێگەی لەبەردەم کەسایەتییە کوردەکاندا خۆشکرد تاوەکو دوای گەڕانەوەیان پۆستە گرنگەکان لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا بگرنە دەست[44].

دەکرێت هۆکارێکی ترسیاسەتی حەکیمانەی مەلیك فەیسەڵی یەکەم بووبێت کە لە ماوەی حکومڕانیکردنی لە عێراق لە ساڵانی (1921- 1933)دا گرتبوویە بەر، لەو نێوەندەشدا مامەڵەکردنی بوو لەگەڵ پرسی کورد، لەمیانەی باوەڕی لەسەر پێویستی خۆبەڕێوەبەرێتی کورد چەند هەنگاوێکی گرنگی لەو بوارەدا نا، کە پێی و ابوو نابێتە مایەی دابەشبوون و جیابوونەوە لە عێراق، بەڵکو بە پێچەو انەوە پاڵپشتی یەکێتی نیشتمانی دەکات. ئەم هۆکار انەش ڕێگەیان لەبەردەم ژمارەیەك کەسی سەر بە دەستەبژێری کوردی کە ڕێژەیان کەم نەبوو بۆ بەدەستهێنانی پۆستە گرنگەکان لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا خۆشکرد، بەوەش ڕۆڵی روونو ئاشکر ایان لە دانانو جێگیرکردنی بناغەی دەوڵەتی عێراقی نوێ لەسەردەمی مەلیك فەیسەڵی یەکەمدا هەبوو[45].

یەکێکی تر لە کەسایەتییە سەربازییەکانی کورد بەکر سدقی (1890- 1937) بوو، کە لە ڕۆژی دامەزراندنی سوپای عێر اقەوە بە پلەی نەقیب (ڕەئیس) پەیوەندی بە سوپای ناوبراوەوە کردبوو، خزمەتی لە هۆبەی بزاوتنو لە قوتابخانەی سەربازیدا کردبوو و لە ڕۆژانی کۆتایی سەردەمی مەلیك فەیسەڵی یەکەمدا پلەی بۆ لیوا بەرزببووەوە[46].

دوای کۆتاییهێنان بە پەیماننامەی عێراقی – بەریتانی ساڵی 1922 و ڕێکەوتننامە پاشکۆکانی و پەسەندکردنی یاسای بنەرەتیو یاسای هەڵبژاردنی نوێنەران لەلایەن ئەنجومەنی دامەزراندنەوە لە 2 ئابی 1924، حکومەتی جەعفەر عەسکەری لە هەمان ڕۆژدا ئەنجومەنی دامەزراندنی هەڵوەشاندەوەو دەستلەکارکێشانەوەی لە حکومەتەکەی پێشکەش کردو مەلیك فەیسەڵ پەسەندی کرد، پاشان سەرۆکایەتی حکومەتی نوێی بە سەرۆکی ئۆپۆزسیۆن (یاسین هاشمی)[47] سپارد، کە لەهەمان ڕۆژدا لە 2 ئابی 1924 حکومەتی پێکهێناو ناوی وەزیرەکانی پێشکەش کردو وەزارەتی بەرگری لەلای خۆی هێشتەوە[48]. مانەوەی وەزارەتی بەرگری لای یاسن هاشمی، پێچەو انەی خواستی مەلیك فەیسەڵ بوو کە دەیویست نوری سەعید وەزارەتی بەرگری بگرێتە دەست، چونکە بوونی یاسین هاشمی لە سەرۆکایەتی سوپای عێراق لەبەرژەوەندی ئینگلیزو پاشای عێراق نەبوو، لەپێناو دوورخستنەوەی لە پەیوەندی ڕاستەوخۆ بە سوپاوە، مەلیك فەیسەڵ پۆستی جێگری فەرماندەی گشتی دروستکردو بە نوری سەعیدی سپارد، تاوەکو لەنێوان یاسین هاشمیو سوپادا بێتو ڕێگری لە پەیوەندی ڕاستەوخۆی یاسین هاشمی بە سوپاوە بکات[49]. بۆ ئەو مەبەستە لە 28 تەموزی 1924 مەرسومی پاشایەتی سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی پۆستی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپاو دروستکردنی پۆستی بریکاری فەرماندەی گشتی دەرچوو، کە چەندین دەسەڵاتی جێبەجێکردنی فراو انی هەبوو، بە جۆرێك گرەنتی کۆنترۆڵکردنی سوپای دەکرد[50].

لەو کاتەدا نوری سەعید سەرۆك ئەرکانی سوپای گرتبووەوە دەست (21 نیسانی 1924- 29 تەموزی 1924)، لە هەمان کاتدا وەزیری بەرگریش بوو، بۆیە هەر کە مەرسوی پاشایەتی دەرچوو سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا هەڵوەشایەوە، لە 29 تەموزی 1924 دەستلەکارکێشانەوەی لە پۆستی وەزیری بەرگری پێشکەشکرد تاوەکو خۆی تەرخان بکات بۆ پۆستە سەربازییەکەی بە پاساوی فراو انکردنی چوارچێوەی سوپا، لە هەمان ڕۆژدا مەرسومێکی پاشایەتی دەرچوو بە پەسەندکردنی دەستلەکارکێشانەوەی وەزیری ناوبراو، هەروەك مەرسومێکی پاشایەتی تر لە 30 تەموزی 1924 دەرچوو تایبەت بە دامەزراندنی عەقید نوری سەعید بە بریکاری فەرماندەی گشتی سوپای عێراق[51]. کە پۆستێکی سەربازیی بوو، فەرماندەیی ڕاستەقینەی هێزە چەکدارەکانی دەکرد، نوری سەعید ئەو پۆستەی لە دەستپێکی دروستکردنییەوە لە 29 تەموزی 1924 گرتەدەست و بەردەوامبوو، تا لە 28 ئایاری 1928 دەستبەردای بوو بۆ چوونە ناو هەڵبژاردنی نوێنەر ایەتیو خۆ تەرخانکردنی بۆ پرسە سیاسییەکان، دوای ئەوە لە 23 کانونی یەکەمی 1929 بە مەرسومی پاشایەتی جێگری فەرماندەی

گشتی هەڵوەشێنرایەوەو سەرلەنوێ پۆستی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا دروستکرایەوە[52].

هەروەها چەند کەسایەتی تری سەربازی کورد پەیوەندییان بەسوپاوە کردو بەرپرسیارییەتیان لە یەکە جیاوازەکانی سوپا پێ سپێردرا، لە ساڵی 1924 ئەمین زەکی سلێمان (1884- 1971) بە فەرماندەی دیسپلینی سەربازیی (الانضباط العسكری) لە بەغداد دەدەستنیشانکراو پاشان لە ساڵی 1930 کرا بە فەرماندەی فەوجی چواری پیادە[53]. هەروەك (خالد محمود زەهاوی)[54] دوای گەڕانەوەی بۆ عێراق لە ساڵی 1924، بە یاوەری تایبەتی مەلیك فەیسەڵی یەکەم دانرا، هەروەها حسین فەوزی (1889- 1958) کە لە سەردەمی مەلیك فەیسەڵی یەکەمدا لە فەرمانگەی بزاوتنی سوپا، فەرماندەی تۆپخانە، پاشان وەك فەرماندەی قوتابخانەی ئەرکان، ئەرك و بەرپرسیارێتی لە ئەستۆبوو[55].

نوێنەری سامی بەریتانیا هەوڵیدا چاوبخشێنێتەوە بە کاروباری سەربازگیریداو یەکە سەربازییەکان بە پۆلێنێکی رەگەزی پۆلێن بکات بەجۆرێك کە دەرفەت بدات بە سەرکردایەتی هێزەکان بە ئاراستەو سروشتی رووداوەکان بجوڵێن و ئەگەری کاریگەرییان لەسەر سوپا بەهەند وەربگیرێت، لە راستیدا پاڵنەر بۆ ئەو بیرۆکەیە هەڵاتنی هەندێك لە سەربازانی کورد بە چەکەکانیانەوەو پەیوەندی کردنیان بە شێخ مەحمودەوە بوو[56].

هەرچەندە ناوەندەکانی سەربازگیری خاوەنی فۆرمی سەربازگیری وورد نەبوون تاوەکو زانیارییەکانی تایبەت بە خۆبەخشانی تیادا تۆماربکرێت، لەبەرئەوە ناتوانرێت بە شیکردنەوەی وردو تەواو بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی سوپا لەرووی کلتوری یان رەگەزی یاخود ئاینیی بگەین. ئەوزانیاریانەی لەم بارەوە هاتوون بەشەکیو سنووردارن، رەنگە سنووردابێت لەسەر ساڵێك یان یەکەیەك لە یەکەکان، بۆ نموونە لە ساڵی 1924دا (6097) شەش هەزارو نەودو حەوت سەربازی عەرەبو (819) هەشت سەدو نۆزدە سەربازی کوردو (552) پێنج سەدو پەنجاو دوو سەربازی تورکمانی هەبوون، جگە لەوە ژمارەیان لە ساڵانی دواتردا نازانین بەدەر لەوەی مەسیحییەکان لە ساڵی 1925 هوە دەستیان بە هاتنەناوەوە لە لقەکانی سەرسنور کرد. بەڵام لەرووی ئاینییەوە روون بوو کە سەرجەمی سوپا لە پێکهاتەی موسڵمانان بوون، لەساڵانی 1923- 1924 لەناویاندا 4 مەسیحیو 6 جوو هەبوون، بە هاتنە ناوەوەی نەستورەکان بۆ ناو سوپا رێژەی دیانەکان بەرزبووەوە، لەگەڵ ئەوەی زانیاری ورد لەوبارەوە نیە[57]. ئەگەرچی بەپێی یاداشتێکی بەریتانی کە لە 2 ئازاری 1926 ئاراستەی ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلانی کردووە، لەسەر رێژەی کورد و بەشداری لە دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراقدا، لە یەکێك لە بڕگەکانی ئاماژە بەوە دەکات کە: "کورد نزیکەی 18 لەسەدی کۆی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنن، 24 لەسەدی کۆی هێزەکانی پۆلیس کوردن، هەروەها 14 لە سەدی سوپا پێکدەهێنن ..."[58].

پلانی حکومەتی عێراقی لە ساڵی 1923 زیادکرنی قەبارەی هێزە عێراقییەکان بوو بۆ (6000) شەش هەزارسەرباز، بەمەبەستی دابینکردنی هێزی پێویست بۆ حامیەی باکوری عێراق دوای کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا بەپێی بڕیاری کەمکردنەوەی هێزەکان. هەروەك نوێنەری سامی بەریتانیا هەستی بە مەودای ئەو شەرمەزارییە کردبوو کە روبەرووی حکومەتی عێراقی دەبووەوە لە حاڵەتی پاشەکشێی هێزەکانی بەریتانیا لە باکور لەبەرئەوە دژی خواستی زیادکردنی هێزەکانی سوپا نەوەستایەوە، ئەوەبوو لەساڵی 1925 ژمارەیان بوو بە (8000) هەشت هەزار سەرباز[59]. هاوکات بەریتانیا دەیویست خەرجی یارمەتییە سەربازییەکانی بە عێراقی دەبەخشی لەرێگەی کەمکردنەوەی هێزەکانییەوە کەمبکاتەوە، بۆیە لیژنەی وردبینی کردنی پەیماننامەکە لە ئەنجومەنی دامەزراندن لە ساڵی 1924 پێشنیازی کرد پێویستە پەلە بکەن لە فراوانکردنی چوارچێوەی سوپای عێراقی بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لە ئەنجامی ئەو کەمکردنەوەیەوە دروست دەبێت[60]. ئەمە پاڵی بە مەلیك فەیسەڵەوە نا خۆی بەدواداچوون بۆ کاری ئەو لیژنانە بکات کە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پێکهاتەی سوپاو مەودای توانستەکانی پێکهاتبوون، هەروەها زۆر پێداگری لەسەر تەواوکردنی ئامادەکارییەکانی سوپا دەکردو داوای هەڵوەشاندنەوەی کاری هەندێك لە فەرمانگەکانی دەوڵەت و کەمکردنەوەی موچەی کرد، بەمەبەستی دەستخستنی پارە، بۆئەوەی بەپلەی یەکەم لە بەهێزکردنی سوپادا سوودی لێوەربگیرت[61]. پاشان کاتێك داهاتی نەوتی عێراق زیادی کرد، مەلیك داوای کرد لە بەهێزکردنی سوپاو زیادکردنی یەکەکانیدا بەگەڕبخرێت[62].

جەعفەرعەسکەری لەماوەی سەرۆکایەتی حکومەتی دووەمیدا (21 تشرینی دووەمی 1926- 11 کانونی دووەمی 1928) هەوڵی پەسەندکرن و جێبەجێکردنی یاسای سەربازگیری زۆرەملێی (التجنيد الاجباری) دا، دوای ئەوەی لە هەوڵەکانی پێشووی لە جەختکردنەوەی لەسەر گرنگیدان بە فراوانکردنی سوپا سەرنەکەوت، مەلیك فەیسەڵیش لەلای خۆیەوە، ئامانجی لە سپاردنی سەرۆکایەتی حکومەت بە عەسکەری بۆ پەسەندکردنی کارنامەی یاسای بە سەربازگیری زۆرەملێ بوو، چونکە عەبدولموحسین سەعدون لەم پرسەدا توانای بەرهەڵستی کردنی بۆچوونی بەریتانیای نەبوو[63]. هەرچەندە یاساکە تا ساڵی 1934 دەرنەچوو، کە ناوی یاسای بەرگری نیشتمانی ژمارە 9ی ساڵی 1934ی هەڵگرتبوو، بەپێی دەقی بڕگەی دووەم لە مادەی یەکەمی یاساکە پێناسەی کەسی داواکراو بۆ خزمەتی سەربازیی بەم شێوەیە کراوە: "هەرنێرینەیەکی عێراقی کە 19 ساڵی تەمەنی بە رۆژژمێری هەتاوی تەواوکردبێت، بەپێی بڕگەکانی ئەم یاسایە لە خزمەت نە بەخشراوە"، هەروەك لە بڕگەی شەشەمی هەمان مادە ماوەی خزمەتی زۆرەملێی بە ساڵێك دیاری کردووە، لە بەرامبەردا مادەی پێنجەم جێگرەوەی دارایی بە 30 دینار دیاری کردووە[64]. لە شوباتی ساڵی 1934 ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی لەسەر کارنامەی یاسای بەرگری نیشتمانی نواندو لە 12ی حوزەیرانی 1935 یاساکە خرایە بواری جێبەجێکردنەوە، کە ئەو رۆژە لە ژیانی گەلی عێراقدا بە رۆژێکی گەورە دادەنرێت[65]. بەوهۆیەشەوە ژمارەی سەربازان و یەکەکانی سوپای عێراق بە شێوەیەکی بەرچاو روو لە زیاد بوون دەکات رۆڵی گرنگ وزیاترلە وڵاتدا دەبینن.

دوای ئەوە لە 15 نیسانی 1936 فیرقەی یەکەمو دووەمی سوپا پێکهێنرا کە بارەگای فیرقەی یەکەم لە بەغدادو دووەم لە کەرکوك بوو، هەروەها لە تشرینی یەکەمی 1938 فیرقەی سێیەم پێکهێنرا بارەگای ئەمیش لە بەغدادی پایتەخت بوو، پاشان لە 3 کانوی دووەمی 1940 پێکهێنانی فیرقەی چوارەمی لە دیوانیە بەدوادا هات، بەوەش سوپا جگە لە هێزی ئاسمانی، لە چوار فیرقەو هێزی میکانیکی پێکدەهات[66].

پاشان چەند ئەفسەری تری کورد لەمیانەی بەشداری بەردەوامیان لە پێکهاتەی سوپای عێراقدا توانیان بگەنە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا، دوای ئەوەی لە 29 تەموزی 1936 عەمید (تەها هاشمی) سەرۆك ئەرکانی سوپا

دوای وەرگرتنی مۆڵەت بە سەردان بۆ تورکیا چوو[67]، سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای بە وەکالەت بە فەریق روکن بەکر سدقی فەرماندەی فیرقەی دوو سپارد[68]. بەکر سدقی لە 29 تشرینی یەکەمی 1936 کودەتایەکی سەربازی بەسەرکەوتوویی ئەنجامدا، دوای ئەوە ناوبراو لە 31 تشرینی یەکەمدا بە شێوەی بنەرەتی بوو بە سەرۆك ئەرکانی سوپاو تاوەکو رۆژی تیرۆرکردنی لە 11 ئابی 1937 لەو پۆستەدا مایەوە[69].

دوای غاڤڵکوژکردنی فەریق بەکر سدقی، لە 22 ئابی 1937 مەرسومی پاشایەتی بە دامەزراندنی ئەفسەری کورد حسین فەوزی بە سەرۆك ئەرکانی سوپا دەردەچێت، دواتر لە 1 ئابی 1939 پلەی سەربازیی بۆ فەریق بەرزدەبێتەوە، لە پۆستی سەرۆك ئەرکانی سوپا بەردەوام دەبێت تاوەکو لە شەوی 21/20 شوباتی 1940 رەوانەی خانەنیشنی دەکرێت[70]. پاشان لە 25 شوباتی 1940 پۆستی سەرۆك ئەرکانی سوپا بە وەکالەت بە ئەفسەری کورد ئەمین زەکی سلیمان دەسپێردرێتو لە 15 حوزەیرانی هەمان ساڵدا پلەی سەربازیی بۆ فەریق بەرزدەکرێتەوە، هەروەك لە پۆستەکەیو ئەنجامدانی ئەرکە سەربازییەکانی خۆی لە میانەی جەنگی عێراقی بەریتانی ناسراو بە جوڵانەوەی مایسی 1941 بەردەوام دەبێت، تاوەکو لە 29 ئایاری 1941 بەغداد بەجێدەهێڵێتو لە سنوری عێراق بەرەو ئێران دەپەڕێتەوەو بە مەرسومی پاشایەتی رەوانەی خانەنشینی دەکرێت[71].

هەر لە نێو ئەو ئەفسەرە کوردانەی لەو سەروبەندەدا رۆڵیان لە سوپای عێراقدا گێڕاوە و پۆستی سەربازییان وەرگرتووە، ئەفسەری کورد (سامی فەتاح)[72] لە 1 حوزەیرانی 1941 بوو بە یەکەم فەرماندەی هێزی ئاسمانی عێراقی دوای ئەوەی هێزی ئاسمانی لە فەرماندەییەوە بوو بە سەرکردایەتیو تاوەکو 2 ئایاری 1954 لەو پۆستەدا ماوەتەوە[73]. هەروەها لە 12 تەموزی 1951 ئەفسەری کورد لیوا نورەدین مەحمود (1889- 1981) فەرماندەی فیرقەی یەك بە سەرۆك ئەرکانی گشتی سوپای عێراق دیاریکراوە[74].

لە سەرەتای ساڵانی پەنجاکاندا لە ئەنجامی چەندین هۆکار سیستەمی حکومڕانی لە عێراق روبەرووی تەوژمی نارەزایی بووەوە و تادەهات نارەزایەتییەکان زیاتر پەرەیان دەسەند، لەو دۆخەشدا گرفتو مانگرتنی قوتابیانی زانکۆ لە هەردوو بەشی دەرمانسازی و کیمیا دژی بڕیارێکی وەزارەتی تەندروستی لەمەڕ سیستەمی پەڕینەوە دەستیپێکرد، کە لە 26 تشرینی یەکەم تاوەکو 19 تشرینی دووەم بەردەوامبوو و بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە کۆتاییهات، بەڵام ڕۆژی 21 تشرینی دووەم، دژی رووداوەکانی پێشووی هەمان مانگ، خوێندکارانی کۆلێژەکان لە خۆپیشاندانێکی گەورەدا رژانە سەر شەقامەکانی بەغدادو جەماوەرێکی زۆریش لە کرێکارانو رۆشنبیرانو کاسبکاران تێکەڵ بە خۆپیشاندانەکە بوون، بەوجۆرە مانگرتنی قوتابیان بوو بە هۆکاری راستەوخۆی بەرپابوونی ڕاپەرینێکی سیاسی گەورە کە بە راپەڕینی تشرینی دووەمی 1952 ناسراوە، لەڕۆژانی 21- 23 تشرینی دووەمی 1952 بەغدادی گرتەوە[75].

کاتێك خۆپیشاندان لە بەغدادو چەند شارێکی تری عێراق گەیشتە لوتکە و پۆلیس نەیتوانی ئاسایش و سیستەم بگەڕێنێتەوە، لەبەرئەوە داوا لە سوپا کرا کە دەستێوەردان بکات[76]، لەگەڵ چوونە ناوەوەی یەکەکانی سوپا بۆ بەغداد، سەرۆك ئەرکانی سوپا لیوا نورەدین مەحمود بوو بە ئەفسەری بەرپرسو لێهاتووترین کەس لە وڵاتدا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دوخەکەدا[77]، ئەگەرچی داوای دەستێوەردان لە سوپا کرا، بەڵام فەرمانی تەقەنەکردنیان پێکرابوو، بۆیە سەرۆك ئەرکانی سوپا بە وەسی راگەیاند کە ناتوانرێت سیستەم بگەڕێنرێتەوە ئەگەررێگەی تەقەکردن بە سوپا نەدرێت[78]، ئەوەش پاڵی بە وەسی عەبدولئیلاوە نا بیر لە سپاردنی پێکهێنانی حکومەتی نوێ بە نورەدین مەحمود بکاتەوە، بەتایبەتی کاتێك هەستیکرد کە خەریکە جڵەو لەدەست حکومەت دەردەچێتو دوای رەتکردنەوەی پێکهێنانی حکومەت لەلایەن حیکمەت سلێمانو شکستهێنانی جەمیل مەدفەعی لە پێکهێنانی حکومەت، ئێوارەی ڕۆژی شەممە 22 تشرینی دووەمی 1952 حکومەتی مستەفا عومەری دەستی لەکار کێشایەوەو سەرۆك ئەرکانی سوپا نورەدین مەحمودی بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ وەك حکومەتی فریاکەوتن ڕاسپارد[79]. لە کاتژمێر 10ی ئێوارەی ڕۆژی 23 تشرینی دووەم ڕادیۆی بەغداد پێکهێنانی حکومەتی نوێو ناوی ئەندامەکانی ڕاگەیاند، نورەدین مەحمود جگە لەوەی سەرۆك وەزیران بوو هەردوو وەزارەتی بەرگریو ناوخۆی بە وەکالەت گرتەدەست، وێرای هێشتنەوەی پۆستەکەی وەك سەرۆك ئەرکانی سوپا[80]. ئەوەش بۆ یەکەمجار بوو کەسێك لە یەك کاتدا چەند پۆستی سیاسیو ئاسایشو سەربازیی بگرێتە دەست.

لەوکاتەدا نورەدین مەحمود لەرێگەی راگەیاندنەوە ئەوەی خستە روو، کە حکومەتەکەی بۆ گێڕانەوەی یاساو سیستەم بۆ وڵات هاتووە، هەروەك باری نا ئاسایی لە بەغداد راگەیاندو عەمید روکن عەبدولموتەلیب ئەمین بەڕێوەبەری بزاوتنی سەربازی بە حاکمی سەربازی بەغددا دیاریکرد[81]. بەڵام دیاربوو نورەدین مەحمود دوای ئەزمونکرنی دەسەڵاتو بەرزکردنەوەی پلەی سەربازیی بۆ فەریق لە کانوونی یەکەمی 1952، خواستی بەهێزی خۆی بۆ مانەوە لە حکومەت ئاشکرا کرد، هەروەك رەخنەی لە سیاسییە کۆنەکان دەگرت، ئەوانەی بە بۆچوونی ئەو لەماوەی 30 ساڵی رابردوودا بۆچوونەکانیان نەگۆڕاوە، لەو باوەڕەدا بوو کە سیاسەتەکانیان بۆشاییەکی گەورەی لەنێوان چینی حکومڕانو گەلی عێراقیدا دروستکردووە، بۆیە ئامانجی خێرای پڕکردنەوەی ئەو جۆرە کەلێنەبوو[82].

بەڵام دوای گێڕانەوەی ئاسایشو سەقامگیریو جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بەسەرکەوتوویی نورەدین مەحمود، بە پێچەوانەی خواستی خۆی، ناچاربوو لە 23 کانونی دووەمی 1953 دەستلەکارکێشانەوەی حکومەتەکەی پێشکەش بکات[83]. وەسی بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك، تاوەکو پێکهێنانی حکومەتی نوێ نامەی دەستلەکارکێشانەوەکەی لەلای خۆی هێشتەوە، پاشان لە ڕۆژی 29 کانونی دووەمی 1953 بە مەرسومێك دەستلەکارکێشانەوەکەی پەسەندکرد[84].

دوای دەستلەکار کێشانەوەی نورەدین مەحمود دوو ئەفسەری کورد، هەریەك محەمەد رەفیق عارف (1907- 1990) و سامی فەتاح، بۆ پڕکردنەوەی پۆستی سەرۆك ئەرکانی سوپا، بەربژێر بوون. نوری سەعید مەبەستی بوو زەعیم رەفیق عارف فەرماندەی فیرقەی دوو بە سەرۆك ئەرکانی سوپا دیاری بکات، ئەوە مایەی خۆشحاڵی باڵیۆز و باڵیۆخانەی بەریتانیاش بوو، چونکە ئەوان دەیانویست عارف ئەو پۆستە وەربگرێت، تەنانەت پێش سەرۆك ئەرکانی پێشوش (نورەدین مەحمود)، لەسەربنەمای ئەوەی کە ئەفسەرێکی شیاوو چالاکە[85]. بەڵام وەسی بە دانانی رەفیق عارف خۆشحاڵ نەبوو، ئەو پێی باشبوو لیوا سامی فەتاح فەرماندەی هێزی ئاسمانی پاشایەتی عێراق لە پۆستی سەرۆك ئەرکانی سوپا دابنێت، چونکە ئەو پلەی لە زەعیم عارف بەرزتر بوو، لەگەڵ ئەوەی پەرۆشی بەدەستهێنانی

پۆستی سەرۆك ئەركانی سوپا بوو، بەڵام نوری سەعید توانی بە دەستنیشانكردنی ڕەفیق عارف ڕازیی بكات، كە لەو كاتەدا پلەی بۆ لیوا بەرزكرابووەوە. بۆیە بە مەبەستی زەمینەسازی بۆ دامەزراندنی ڕەفیق عارف بە سەرۆك ئەركانی سوپا، دەست بە هەندێك گۆڕانكاری لە پۆستە باڵاكانی سوپای عێراقدا كرا، بەتایبەت لەناو ئەو ئەفسەرانەی لە ڕەفیق عارف لە پێشتر بوون، بەم گۆڕانكارییانە هەریەك لە لیوا تاهیر ئەلزوبەیدی (ئەمینداری گشتی ئازوقە) خانەنشین كراو كرا بە بەڕێوەبەری گشتی زیندانەكان[86]، هەروەك لیوا حسین مەكی خەماس كە بۆ ماوەیەكی كورت دوای نورەدین مەحمود بوو بە سەرۆك ئەركانی سوپا بەوەكالەت (3 شوباتی 1953- 17 ئەیلولی 1953)، كرا بە وەزیری بەرگری لە حكومەتی فازیل ئەلجەمالی، كە لە 17 ئەیلولی 1953پێكهێنرا[87].

دواجار لە 2 تشرینی یەكەمی 1953 لیوا ڕوكن محەمەد ڕەفیق عارف فەرماندەی فیرقەی دوو بە سەرۆك ئەركانی سوپا دیاریكراو تاوەكو ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە 14 تەموزی 1958 لە پۆستی سەرۆك ئەركانی سوپای عێراقدا مایەوە[88]. دەتوانین بڵێین محەمەد ڕەفیق عارف دواهەمین ئەفسەری كورد بوو پۆستی سەرۆكی ئەركانی سوپا وەربگرێت، بەجۆرێك لەدوای ڕووخانی سیستەمی پاشایەتیو دامەزراندنی سیستەمی كۆماریو تا دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی 2003 هیچ كوردێك پۆستی سەرۆك ئەركانی سوپای عێراقی پێنەدراوە.

لە ئەنجامی خەنەنشین كردنو پلە بەرزكردنەوەكان لە ناو سوپای عێراقدا لە ساڵی 1953 لەپێش و لەدوای دامەزراندنی ڕەفیق عارف، هیچ ئەفسەرێكی پلە باڵای تیادا نەما كە لە سوپای عوسمانیدا خزمەتیان كردبێت، سەركردایەتی باڵای نوێی سوپای عێراقی پێكهاتبوو لەو ئەفسەرانەی لەسەر شێوازی بەریتانی مەشقو ڕاهێنانیان پێكرابوو، بێگومان ئەوەش مایەی خۆشحاڵی بەریتانیا بوو، كە چەندین ساڵ بوو كاریان بۆ بینینی ئەو ئەفسەرانە لە پۆستە باڵاكانی سوپادا دەكرد. لە ڕاپۆرتی ساڵانەی ساڵی 1953 دا پاشكۆی سەربازی بەریتانیا دووپاتی كردەوە كە بە هاتنی ڕەفیق عارفو نەمانی هەندێك ئەفسەری بەتەمەنو كەم ئەزمون، بۆ سوپا ئاسانە بچێتە قۆناغێكی نوێی بوژانەوەوە، لەمیانەی سەركردایەتییەكی سەربازیی نوێوە[89].

لە بەرامبەردا لیوا سامی فەتاح لە پۆستەكەی وەك فەرماندەی هێزی ئاسمانی پاشایەتی عێراق مایەوە، وێڕای ئەوەی پلەی لە ڕەفیق عارف بەرزتر بوو، ئەوەش هەستیاری لەنێوانیاندا دروستكردبوو، بۆئەوەی هیچ بەریەككەوتنێك روونەدات، هێزی ئاسمانی پاشایەتی عێراق ڕاستەوخۆ پەیوەستكرا بە وەزارەتی بەرگی عێراقەوە، بەڵام سامی فەتاح گرنگی بەمە نەدا بەوپێیەی كاروبارە كارگێرییەكانی هێزی ئاسمانی لەلایەن ئەركانی گشتی سوپاوە بەڕێوەدەبرێت، بۆیە پێشنیازكرا خانەنشین بكرێت یاخود بۆ كارێكی مەدەنی بگوازرێتەوە، دواجارسامی فەتاح لە 29 نیسانی 1954 لە حكومەتی ئەرشەد ئەلعومەری كرا بە وەزیری كاروباری كۆمەڵایەتی[90]. پاشان دوای ڕاگەیاندنی (یەكێتی عەرەبی هاشمی) لەنێوان عێراقو ئەردەن لە 14 شوباتی 1958[91]، سامی فەتاح لە حكومەتی یەكێتی عەرەبی بوو بە وەزیری دەوڵەت بۆ كاروباری بەرگری[92]. هاوكات فەریق ڕوكن محەمەد ڕەفیق عارفیش وێڕای ئەوەی سەرۆك ئەركانی سوپای عێراق بوو، بەسەرۆك ئەركانی سوپای عەرەبی یەكگرتووش دیاریكرا[93].

ڕەفیق عارف پێداگربوو لەسەر ئەوەی كاندیدەكانی خۆی لە پۆستە گرنگەكاندا دابنێت، لەپێناو بەهێزكردنی پێگەی خۆی لەسوپادا، جگە لەوەش بۆ مسۆگەركردنی ڕۆڵی بەهێزی سوپا لە ئەگەری ڕوودانی پشێوی تر لە بەغدادی پایتەختدا، بۆیە عەقید وەفیق عارفی برای بە فەرماندەی ناوچەی بەغدادو فەرماندەی لیوای یەك لە موسەییەب دانا، كە لە پاراستی بەغداد بەرپرس بوو، ئەمیش هەتا كۆتایی ڕژێمی پاشایەتی لە 14 تەموزی 1958 لەو پۆستەدا بەردەوامبوو[94].

بەگوێرەی هەموو ئەوانە دەتوانین بڵێین كورد بەشداری كاراو بەرچاوی لە پێكهاتەو سەركردایەتیكردنی سوپای عێراقدا هەبوو، بەجۆرێك چەندین ئەفسەری كورد پێگەی گرنگیان لە بەشو پێكهاتە جیاوازەكانی سوپای عێراق و لە فەرماندەی فیرقەو سەرۆكایەتی ئەركانی سوپای عێراق گرتۆتەدەست، وێڕای ئەوەی چەندین كەسایەتی سەربازیو مەدەنی كورد پۆستی وەزیری بەرگری عێراقیان لە حكومەتە جیاوازەكانی سەردەمی پاشایەتی عێراقدا وەرگرتووە.

باسی دووەم: ڕۆڵی كورد لە پێكهاتەو پەرەپێدانی خوێندنی سەربازییدا

لە 9 ئایاری 1921 فەرمانی دامەزراندنی قوتابخانەی سەربازیی عێراقی، لە سەربازگەی باكور (سەربازگەی سوارە)ی ناسراو بە (الكرنتینە) دەرچوو، كە ئامانج لێی ڕاهێنانی نزیكەی 250 ئەفسەری عێراقی بوو، ئەوانەی پێشتر لە سوپای عوسمانیدا خزمەتیان كردبوو، تاوەكو شێوازەكانی بەریتانییان فێربكەن، ئەم قوتابخانەیەو دەرچووانی لەناو سوپادا بە خولی هاوكاران (الأعوان) بەناوبانگ بوو، ئەوەش بۆ جیاكردنەوەیان بوو لەگەڵ ئەو ئەفسەرانەی لە قوتابخانەی سەربازی پاشایەتی كە لە ساڵی 1924 دامەزراو دەستیان بەژیانی سەربازی لە سوپای عێراقیدا كرد[95]. ئەركی قوتابخانەی ئەعوان یەكخستنی ڕاهێنانی ئەو ئەفسەرانە بوو كە لە سوپای عوسمانیو سوپای عەرەبیەوە هاتبوون و پەیوەندییان بە سوپای عێراقیەوە كردبوو، چونكە ڕاهێنانی ئەوانە لەوكاتەدا چوون یەك نەبوو[96].

دوای دابینكردنی پێداویستیو تەواوكردنی كارەكانی[97]، لە 20 تەموزی 1921 ئاهەنگی كردنەوەی قوتابخانەكە بە ئامادەبوونی میر فەیسەڵ، پێش بەیعەت پێدانی كە لەو كاتەدا گەیشتبووە عێراق و نوێنەری سامی (پرسی كۆكس)و وەزیری بەرگریو سەرۆك ئەركانی سوپای عێراقو چەندین كەسایەتیو فەرمانبەرانی باڵای عێراقیو بەریتانی بەڕێوەچوو، كە تیایدا جەعفەر عەسكەری وەزیری بەرگری وتارێكی پێشكەش كرد[98]. بۆ بەشداری كردن لە خولەكانیدا ئەو ئەفسەرە عێراقیانەی كە لە سوپای عوسمانیو لە سوپای عەرەبی لە حیجازو سوریا بوون، پەسەند كران. زۆرینەیان ئەوانەبوون كە لە قوتابخانەی جەنگی عوسمانی لە ئەستەنبوڵ خوێندبوویانو پلەی جیاوازیان لە سوپای عوسمانی بەدەستهێنابوو، بڕیاردرا ماوەی ڕاهێنانەكە سێ مانگ بێت بۆ سەركردەكان، واتە ئەوانەی پلەیان موقەدەم و بەرەو سەرەوە بوو، شەش مانگ بۆ ئەفسەرانی یاریدەدەر، واتە ئەوانەی پلەیان لەخوار موقەدەمەوە بوو[99]. بەو شێوەیە خوێندنی ئەكادیمی سەربازیی بۆ دەرچوونی ئەفسەران دەستی پێكرد، كە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەوپێش دەچوو، هەروەك پێویستی زۆری سوپا بە ئەفسەران بووە هۆی دەرچوواندنی بەشێك لەو ئەفسەرانە پێش تەواوكردنی ماوەی دیاریكراو[100].

شایانی باسە کارمەندەکانی لە رووی دەستەی کارگێڕیو مامۆستایانەوە لە دوو بەش پێکهاتبوو، بەشێکیان بەریتانیو ئەوانی تر عێراقی بوون، بەشی عێراقی پێکهاتبوو لە:

یەکەم/ فەرماندە سەرۆکی یەکەم (الرائد) ئەحمد حەقی عەبدولجەبار.

دووەم/ ئەفسەری ئازوقەو موچە، مولازمی یەکەم سەعید عومەر تکریتی.

سێیەم/ مامۆستاکان: ئەوانیش بریتی بوون لە چوار مامۆستا، کە یەکێکیان ئەفسەری کورد مولازمی یەکەم بەهادین نوری (1897- 1960) بوو، لەگەڵ سێ ئەفسەری تری عەرەب بە پلەی مولازمی یەکەم، بەناوەکانی (شاکر مەحمود ئەلوادی، سلیم عەبدولغەفورو عەباس محەمەد شالچی)، پاشان ژمارەیان زیاد بووو چەند مامۆستایەکی تری بۆ گوازرایەوە[101].

لە رۆژی کردنەوەی قوتابخانەکەدا لە 20 تەموزی 1921، خولی یەکەمی بە پەیوەندی کردنی 156 ئەفسەر کرایەوە، لە خولی دووەمدا پۆلێکی تری ئەفسەران لە 10 تشرینی دووەمی 1921 کە ژمارەیان 50 ئەفسەر بوو پەیوەندییان پێوەکرد، پاشان خولی سێیەمیش لە کۆتایی تشرینی دووەمی 1921 بە پەیوەندی کردنی 51 ئەفسەر دەستی پێکرد، لە 3 کانوونی دووەمی 1922 لە خولی چوارەمدا 54 ئەفسەر پەیوەنییان کرد. ئەمانە وێرای خولی ئەفسەرانی پۆل لە 10 تشرینی دووەمی 1921، هەروەها خولی ئەفسەرانی بارەگای گشتی کە لە 4 نیسانی 1922 دەستیپێکردو دوای بەردەوامبوونی بۆ ماوەی سێ مانگ لە کۆتایی حوزەیرانی 1922 کۆتاییهات[102].

وەك دەردەکەوێت قوتابخانەی سەربازی لە دەستپێکی دامەزراندنیدا رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە ئامادەکردن و مەشق و راهێنانی ئەفسەران و پەرەپێدانی تواناکانیان بۆ پرکردنەوەی پێداویستییەکانی سوپاو بە چڕی دەست بەکارەکانی دەکات، لەماوەی شەش مانگدا چوار خول دەکاتەوە و سەدان ئەفسەر بەشداری تێدادەکەن، جگە لە خولی ئەفسەرانی پۆلو خولی ئەفسەرانی بارەگای گشتی.

قوتابخانەی سەربازی لە مانگی ئابی 1922 گەیشتە لوتکەی پێشکەوتنو پەرەسەندنی خۆی، خوێندکارانی نوێ پەیوەندییان بەو بەشانەی کرابوونەوە دەکردو لە رووی بەڕێوەبردنو ڕێکخستنەوە دامەزراوتر بوو، بەڵام بەهۆی تێکچوونی دۆخی داراییەوە ولەسەر داوای لیژنەی دارایی، لە 3 کانونی دووەمی 1923 فەرمانی داخستنی قوتابخانەی سەربازی دەرکراو هەڵوەشێنرایەوە، ئەوەش دوای ئەوەی لە رووی مەشقو ڕاهێنانو بەڕێوەبردنەوە گەیشتبووە لوتکەی تواناکانی خۆی[103]. تاوەکو لە ساڵی 1924 دووبارە کرایەوە[104].

دوای داخستنی قوتابخانەی سەربازی و دابەشکردنی قوتابییەکانی بەسەر یەکەکانی سوپادا، بەرپرسانی سوپا بینییان کە رەوشەکە پێویستی بە بەردەوامبوون لەسەر ڕاهێنان و یەکخستنی شێوازەکەی دەخوازێت، پێویستی دروستکردنی دامەزراوەیەکی ڕاهێنان بۆ پێدانی زانیاری نوێ بە کارمەندانی سوپا دەرکەوت، بۆیە لە 12 ئایاری 1923، لە شوێنی قوتابخانەی سەربازی هەڵوەشاوە لە سەربازگەی باکور، خانەی مەشقو ڕاهێنانیان کردەوە، ئەرکی سەرەکی خانەی ناوبراو، ڕاهێنانی ئەفسەرانی پۆل بۆ سوپاو گەیاندنیان بۆ ئاستی مامۆستایانی یەکەکان بوو[105].

ئەفسەری روکنی بزاوتن سەرۆکی یەکەم (رائید) تۆفیق وەهبی مەعروف بەفەرماندەی خانەکە دیاریکرا، هەروەها چوار ئەفسەری مامۆستا کە بۆ ناوچەی موسڵ گواسترابوونەوە تاوەکو لەوێ خولەکان بکەنەوە، دووبارە بۆ خانەی مەشقو ڕاهێنان لە بەغداد گواسترانەوە، ئەوانیش (مولازمی یەکەم بەهادین نوری، مولازمی یەکەم سەلیم عەبدولغەفور، مولازمی دووەم ساڵح سائب ئەلجبوریو مولازمی دووەم تاهیر محەمەد ئەلزوبەیدی) بوون، پاشان مولازمی یەکەم عەبدولحەمید رەئفە زیادکرا بۆیان تاوەکو ببێتە مامۆستای پێنجەم بۆ مەشقی هەواڵدێری (المخابرە)[106]. پاشان بەرپرسان بۆیان دەرکەوت کە ئەم خانەیە توانای پێویستی بۆ پێگەیاندنی ئەفسەرانی تازە پێگەیشتووکە سوپایەکی گەنجی پێشکەوتوو پێویستی پێیان هەیە، نییە. هەروەها دوای تێپەڕاندنی کۆسپە داراییەکان، بیرکردنەوەی جدی لەوەی پێویستە ئامادەکاری بکرێت بۆ کردنەوەی قوتابخانەی جەنگی تا ئەفسەری تازە پێگەیشتووی بەهێز بە زانیاری سەربازی نوێو زانیاری گشتی پێویست بۆ سوپا دابین بکات، بەشێوەیەك کاتێك پەیوەندی بە یەکەکانەوە دەکەن بەپێی پێویست توانای سەرکردایەتیکردنی دەستەو بەشەکانیان بە سەرکەوتوویی هەبێت و زانیاری تەواویان لە کاروباری جەنگ و شەڕکردندا هەبێت[107]. دواجار بەهۆی فراوانبوونی سوپا لەلایەك وکەمی ئەفسەرانی نەوجەوان تیایدا لەلایەکی ترەوە، وای لە بەرپرسانی سوپا کرد لەوکاتەدا بیر لە دامەزراندنی قوتابخانەی سەربازی بکەنەوە کە ئامادەکردنی لاوانو ڕاهێنانیان بگرێتە ئەستۆ، تاوەکو ببنە ئەفسەر لە سوپای عێراقدا[108]. بۆ ئەو مەبەستە بڕیار درا بە کردنەوەی (قوتابخانەی سەربازیی پاشایەتی)[109].

لە سەرلەبەیانی رۆژی 14 شوباتی 1924 رۆژنامە لۆکاڵییەکانو وەقائیعی عێراق دەقی ڕاگەیاندنی بڕیاری وەزارەتی بەرگری تایبەت بە کردنەوەی قوتابخانەی جەنگی عێراقییان لە بەغداد بڵاوکردەوە، کە زانیاری تەواوی سەبارەت بە شێوازی خوێندنو مەرجەکانی خوێندکارو پێداویستییەکانی خوێندنی تێدابوو[110]. قوتابخانەی سەربازی لە 12 ئایاری 1924 دامەزرا، دوای یەکخستنی قوتابخانەی سەربازیو خانەی مەشقو ڕاهێنان، کە لە فەرماندەییەکی تایبەتو دوو بەش (باڵ) پێکدەهات، یەکێکیان باڵی قوتابخانەی سەربازیو ئەوی تریان باڵی مەشقو ڕاهێنان بوو، موقەدەم جەمیل فەهمی عەبدولوەهاب لە (1924/6/4- 1925/2/1) بە فەرماندەی دەستنیشان کرا[111]. هەروەها بۆ هەر باڵێك فەرماندەیەکی بەرپرسی لە ئاستی فەرماندەی لق (سریە) بۆ دانرا، فەرماندەی لق سەرۆك (نەقیب) سلێمان فەتاح بەرپرسی باڵی قوتابخانەی جەنگی بوو، هەروەها فەرماندە سەرۆکی یەکەم (رائید) تۆفیق وەهبی بەرپرسی باڵی خانەی مەشقو ڕاهێنان بوو[112]. بە گوێرەی ئەوەش وەك دەردەکەوێت، فەرماندەی هەردوو باڵی قوتابخانەی سەربازیی پاشایەتی، دوو ئەفسەرو فەرماندەی سەربازیی کورد بوون.

جگە لە مامۆستایانی مەشقو ڕاهێنان چەند ئەفسەرێکی تری مامۆستا وانە تیۆرییەکانیان دەوتەوە، کە چەند ئەفسەرێکی کوردیان لەناودابوو، لەوانە، موقەدەمی روکن محەمەد ئەمین زەکی (1880- 1948) وانەی جوگرافیای سیاسی، سەرۆکی یەکەمی روکن (رائید) بەکر سدقی وانەی پلاندانانو سەرۆکی یەکەم (رائید) تۆفیق وەهبی لەگەڵ ئەوەی فەرماندەی خانەی مەشقوڕاهێنان بوو، وانەی تەیارکردن (التعبئە)ی دەوتەوە[113].

قوتابخانەی سەربازیی پاشایەتی، مەشقو ڕاهێنانی خوێندکارە سەربازییەکانو ڕێکخستنی لەسەر شێوازی کۆلێجی (ساندهێرست)[114] بوو، ساڵانە پێشوازی لە هەشتا قوتابی دەکرد، هەروەها لە ساڵی 1924 یەکەم

دەستە کە چوار خوێندکار بوون بۆ تەواوکردنی ڕاهێنانەکانیان لە کۆلێجی سەربازییەوە بۆ ئینگلتەراو هیند نێردران، پاشان ژمارەی ناردنی ساڵانەی خوێندکاران زیادی کرد، تاوەکو لەماوەی ساڵانی (1932- 1936) گەیشتە تێکرای بیستو پێنج خوێندکار کە بیست کەس لەوانە بۆ ئینگلتەرا دەنێردران[115]. خانەی مەشق ڕاهێنان لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە تا تشرینی یەکەمی 1925 چەند خولی بۆ ئەفسەرانی پۆل کردەوە تا لە یەکە جیاوازەکانی سوپادا ببنە مامۆستای بە توانا ، دەستەی مامۆستایانی خولەکە گرنگییەکی تایبەتیان بە مەشقی کرداری دەدا، بەرهەمی ئەم خولانە لە کۆتایی ساڵی 1925 بریتی بوو لە 167 ئەفسەرو 145 ئەفسەری پۆل، بەوەش خانەی ناوبراو توانی خزمەتێکی باش پێشکەش بە سوپا بکات[116].

وێرای ڕۆڵی ئەفسەرانی کورد لە بەشداریکردن لە بنیاتنانو وتنەوەی وانەکانو فەرماندەیی بەشە جیاوازەکانی خوێندنو مەشقو ڕاهێنانی سەربازیدا، چەند ئەفسەی کورد توانیان بگەنە پۆستی فەرماندەیی قوتابخانەو کۆلێژە سەربازییەکان، موقەدەم محەمەد ئەمین زەکی لە ماوەی نێوان (1925/2/2- 1925/7/15) بوو بە فەرماندەی قوتابخانەی سەربازی[117]، ئەگەرچی ماوەی مانەوەی محەمەد ئەمین زەکی لەو پۆستەدا تەنها لە چەند مانگێك زیاتر تێپەڕی نەکرد، بەڵام ئاستو دڵسۆزی لەکارەکەیدا سەرەتای دەنگدانەوەی ناوبانگی بوو لەناو هەمووانداا، کە تاوەکو ئەمڕۆ سەربازییە دێرینەکان بەشێوەیەکی تایبەت باسی دەکەن[118].

لەدوای ئەویش موقەدەم تۆفیق وەهبی مەعروف لە (1925/7/16-1930/5/5) بووە بە فەرماندەی قوتابخانەی سەربازی[119]، ئەوەش لە ئەنجامی سەرکەوتنی وەهبی لە یەکەم کاریدا کە لە وەزارەتی بەرگری خرابووە ئەستۆی لەلایەك، هەروەها لێهاتوویی ناوبراو لەلایەکی تر، بووە هۆی ئەوەی پۆستێکی تری پێ بدرێت[120]. هەروەك هەوڵو دڵسۆزیی لەم کارە نوێیەیدا کاریگەری لەسەر پەرەپێدانی خوێندنی سەربازیی لە کۆلێژی ناوبراو هەبوو، بەشێوازێك لەگەڵ گیانی سەردەمەکە دەگونجا، ئەوەش بەهۆی ئەزموونە فراوانەکانی لەم بوارەدا، کە لەژێر سەرپەرشتیدا زۆرێك لە گەورە ئەفسەران لە سوپای عێراقیدا دەرچوونو شانازی دەکرد بە فێرکردنی زۆربەی ئەوانەی دواتر پلەی سەربازیی لیوایان هەڵگرتبوو[121]. وەهبی لەماوەی کارەکەی لە فەرماندەی کۆلێجی سەربازیی گرنگی بە چاودێری تایبەت بە ئاستی ئەفسەرەکان لە سوپای عێراقدا دەدا، لەمیانەی گەشتە مەیدانییەکانی بۆ ناوچە جیاوازەکانی عێراق خۆی سەرپەرشتی تاقیکردنەوەی ئەفسەرەکانی دەکرد، لەم بارەوە ڕۆژنامەی ژیان لە ژمارەی ڕۆژی 17 مایسی 1928 هەواڵێکی لەسەر گەیشتنی هەریەك لە تۆفیق وەهبی فەرماندەی کۆلێجی سەربازییو بەکر سدقی ئەفسەری روکن لە سوپای عێراق بۆ سلێمانی لە 10ی مایسی 1928 بڵاوی کردۆتەوە، بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانی ئەفسەرانی فەوج، دوای تەواوکردنی کارەکەیان لە 15 مایسی 1928 بۆ بەغداد گەڕاونەتەوە[122]. پاش ئەویش بەهەمان شێوە ئەفسەری کورد عەقید خالید مەحمود زەهاوی لە (1930/6/1-1934/5/8) بوو بە فەرماندەی قوتابخانەی سەربازی[123].

بەگوێرەی ئەو زانیارییانەش وەك دەردەکەوێت هەر لە سەرەتای دامەزراندنی قوتابخانەی سەربازییەوە ئەفسەرانی کورد ڕۆڵێکی دیارو بەرچاویان لە دامەزراندنو پاشان بەڕێوەبردنو پەرەپێدانی قوتابخانەو خوێندنی سەربازیو پێگەیاندنی ئەفسەرانی پلە باڵایان بۆ نێو ریزەکانی سوپای عێراق هەبووە.

ماوەی خوێندن لە لە قوتابخانەکە سێ ساڵ بوو، لە ساڵی 1927 یەکەم خولی دەرچوواند، لە کۆتایی تەموزی 1927 قوتابخانەی سەربازی بۆ بینا نوێیەکەی لە رۆژهەڵاتی کەرادە لەسەر رووباری دیجلە گوازرایەوە[124]. وێرای ئاستەنگەکانی بەریتانیا، مەلیك فەیسەڵی یەکەم تا کۆتایی سەردەمەکەی لە هەوڵەکانی بەردەوامبوو، لەپێناو دڵنیابون لە بنیاتنانی سوپایەك کە لانی کەمی خواستە نیشتمانییەکانی بێنێتەدی، یەکێك لەرێوشوێنەکانی لە ساڵی 1927 رازیکردنی وەزارەتی بەرگری بوو بۆ کردنەوەی پۆلێکی سەرەتایی لە کۆلێژی سەربازی کە ئەوەندەی بگونجێت، ژمارەیەکی زۆر لە کوڕانی سەرۆك هۆزەکانی شیعەو نەتەوەی کورد تیایدا رێکبخرێن، لەوەش دوو مەبەستی هەبوو ئەوانیش:

1. پەیوەستکردنی هۆزەکان بە سوپاوە.

2.ئاسانکاری بۆ چوونە ناوەوەی کوڕانی هۆزەکانی شیعە بۆ کۆلێژی سەربازی[125].

بەوەش قوتابخانەی سەربازی سێ بەشی لە خوێندکاران وەردەگرت:

1.بەشی یەکەم: ئەو فێرخوازانە وەردەگیران کە بڕوانامەی دواناوەندییان بەدەستهێنابوو.

2.بەشی دووەم: ئەوانە وەردەگیران کە خوێندنی سەرەتاییان تەواوکردبوو و پۆلێك یان دوو پۆلیان لە پۆلەکانی ناوەندی خوێندبوو.

3.بەشی سێیەم: کوڕانی سەرۆك هۆزەکان تیایدا وەردەگیران، زانینی خوێندنەوەو نوسین بەس بوو بۆ پەسەندکردنیان، لەبەرئەوەی میر غازی کوڕی مەلیك فەیسەڵ مەرجەکانی بەشی یەکەمو دووەمی تێدا نەبوو وەك یەکێك لە کوڕانی سەرۆك هۆزەکان کە تەمەنی گەیشتبووە 17 ساڵان پەسەندکرا، ئەم بەشە ئاستی فێربوونیان لەوانی ترکەمتر بوو بۆیە وانەی تایبەتیان پێدەوتن پێش ئەوەی لەگەڵ خوێندکارانی دوو بەشەکەی تردا تێکەڵیان بکەن[126].

ئەوانەی بەشی یەکەم دەرچووی ئامادەیی بوون لە پۆلی ناوەندی کۆلێژی سەربازی وەردەگیران، ئەوانەی بەشی دووەم لە پۆلی نوێ وەردەگیران، بەشی سێیەمیش کوڕانی سەرۆك هۆزەکان بوون[127]. هەرچەندە ناتوانین نکوڵی لە ڕۆڵی کارای سەرۆك هۆزەکان لە سیاسەتی عێراقی سەردەمی پاشایەتیدا بکەین، خودی مەلیك فەیسەڵیش سوودی لەو نەریتە هۆزایەتییە بینی بە دانانی غازی کوڕی لە قوتابخانەی سەربازیی عێراق، کە هیچ بڕوانامەیەکی قوتابخانەی نەبوو شیاوی ئەوەبێت بچێتە ئەو قوتابخانەیە[128]. بەڵام ئەو خوێندنەی لە بەریتانیا خوێندبووی بۆی هەژمارکراو لە پۆلی دووەمی قوتابخانەی سەربازی بۆ کوڕانی سەرۆك هۆزەکان وەرگیرا[129]. بۆ ئەو مەبەستە غازی کوڕی مەلیك فەیسەڵ لە لەندەن گەڕایەوەو لە تشرینی دووەمی 1928 باوکی خستیە قوتابخانەی سەربازیی پاشایەتی[130]، مەلیك فەیسەڵ خواستی بوو غازی وەك ئەفسەرێکی سوارە دەربچێت، بۆیە داوای لە وەزیری بەرگری کرد هەوڵی پێویست بداتو چاودێری بکات لەسەر ئەسپ سواریو سوار چاکی ڕابهێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا وەزیری بەرگری راسپارد فەرمان بۆ بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکە دەربکات، کە غازی وەك خوێندکارەکانی تر دابنرێتو بەهەمان شێوازی ئەوان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەبێ جیاوازی یاخود جیاکردنەوەی لە وانەکانو خواردنو خەوتندا

تاوەکو پشت بەخۆی ببەستێت. هەروەك مەلیك فەیسەڵ خۆشی، پێش دەستپێکردنی خوێندن لە قوتابخانەکەدا بەشوێن تۆفیق وەهبی کە لەوکاتەدا فەرماندەی قوتابخانەی سەربازی بوو، دەنێرێتو پێی دەڵێت: "من غازی کورەتان بۆ دەنێرم بۆ قوتابخانەی سەربازی تکایە وەك خوێندکارەکانی تر مامەڵەی لەگەڵدا بکەن بەبێ جیاوازیو دەمەوێت هەمیشە ئەوە ببیستم"[131].

هەروەك فوئاد عارف[132] لە چوارچێوەی کورانی سەرۆك هۆزەکاندا لە کۆلێژی سەربازی وەردەگیرێت[133]، چونکە مەرجەکانی بەشی یەکەم و دووەمی تێدانەبوو، لەبەرئەوەی لەخێزانێکی خاوەن پێگەی دیاری ئایینیو کۆمەڵایەتی بوو، هەروەها هەریەك لە محەمەد ئەمین زەکی و تۆفیق وەهبی رۆڵی گرنگیان لە وەرگرتنیدا هەبوو[134].

لە سەرەتای دامەزراندنی سوپای عێراقیەوە لە ساڵی 1921، نیازی باش بۆ ئامادەکردنی ئەفسەرانی خاوەن رۆشنبیری سەربازیی باڵا هەبوو، کە بتوانێت سەرکردایەتی یەکەکانو پێکهاتەکانی سەرکردایەتی لەسەر بنەمای تواناو لێهاتوویی‌و پرکردنەوەی پۆستەکانی روکن لە بارەگاکان بەشێوەیەکی شایستە بکەن. بۆیە بیرۆکەی دامەزراندنی کۆلێژی ئەرکان سەریهەڵدا، بەڵام نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە تا شوباتی 1928، کاتێك لەم ساڵەدا قوتابخانەی ئەرکان دامەزرا، لە بەشێك لە بیناکانی قوتابخانەی سەربازی لە کەرادەی رۆژهەڵات جێنشین بوون[135]. دواجار کۆلێژی ئەرکانی عێراقی لە 2 شوباتی 1928 بەناوی قوتابخانەی ئەرکان دامەزرا، کە لەسەر شێوازی کۆلێژی ئەرکانی بەریتانی (کمبرلی)[136] دیزاین کرابوو، زۆرینەی دەستە فێرکارییەکەی ئەفسەرانی بەریتانی بوون[137]. ماوەی خوێندن بۆ هەر خولێك، ساڵێك بوو، خوێندکارانی خولی یەکەم لە 21 ئەیلولی 1929 چوونە قوتابخانەکەو لەمێژووی 29 ئایاری 1930 دەرچوون کە ژمارەیان 11 ئەفسەر بوو. تاوەکو لە ساڵی 1931 ماوەی خوێندن تیایدا بوو بە دوو ساڵ. خولی ئەرکان هەر دوو ساڵ تەنها یەکجار دەکرایەوە، بەناوی قوتابخانەی ئەرکان مایەوە، دواتر ناونرا کۆلێژی ئەرکان[138]. پاشان حسین فەوزی لە 2 تشرینی دووەمی 1933 تاوەکو 18 کانونی دووەمی 1935 فەرماندەیی کۆلێژی ئەرکان دەگرێتە دەست، کە پلەی سەربازیی زەعیم روکن بوو[139].

لە ساڵی 1937 سیستمێکی نوێ بۆ قوتابخانەکە دانراو ناوەکەی لە قوتابخانەی ئەرکانەوە بۆ کۆلێژی ئەرکان گۆڕدرا، هەروەها عەمیدی روکن بەهادین نوری بە فەرماندەی کۆلێژەکە دیاریکرا، دروشمەکەی بریتی بوو لە (اعقل وتوكل)، کە لە فەرموودەی پێغەمبەر (د. خ) وەرگیرا بوو[140]. ماوەی خوێندن لە کۆلێژی ئەرکان لە سەرەتای دامەزراندنیدا یەك ساڵ بوو، بۆ ماوەی سێ ساڵ لەسەر ئەو شێوازە بەردەوامبوو، پاش ئەوە ماوەی خوێندن تیایدا بوو بە دوو ساڵ، لە ساڵی 1949 پرۆگرامێکی ئەزموونی لەسەر بنەمای نوێترین پرۆگرامەکانی خوێندنی کۆلێژەکانی ئەرکانی بیانیو لەسەر بنەمای ئەزموونە تایبەتەکانی کە کۆلێژی ئەرکانی پێدا تێپەری بوو، هەروەها لەسەر بنەمای پێداویستییەکانی سوپا بۆ دانرا[141].

بەهادین نوری بەردەوام پەرۆش بوو لەسەر پەرەپێدانی توانای سەربازیی خۆی، لەبەرئەوە لە خولی دووەمی خوێندنیدا چووە کۆلێژی ئەرکانی عێراق، کە لە کانونی دووەمی 1931 کرایەوەو بە فسەری روکن لێی دەرچوو، پاشان بوو بە مامۆستا لە کۆلێژی ناوبراو. دواتر نێردرا بۆ بەریتانیا بۆ بینینی چەند خولێکی سەربازی لە کۆلێژی ئەرکانی بەریتانی کمبرلی، ئاستی رۆشنبیریو لێهاتوویی سەرکردایەتی شایستەی ئەوەبوو ئەرکی فەرماندەیی کۆلێژی ئەرکانی لەماوەی نێوان (31 ئابی 1937- کانونی یەکەمی 1938) بە پلەی زەعیم روکن بگرێتە دەست. شایانی باسە لە سەردەمی ئەودا کۆلێژی ئەرکان لە قوتابخانەوە بۆ کۆلێژ گۆڕدرا، پاشان جارێکی تر لەماوەی نێوان (27 ئابی 1941- 5 کانونی دووەمی 1942) بوو بە فەرماندەی کۆلێژی سەربازی[142].

نورەدین مەحمودیش لە میانەی خولی یەکەمی خوێندنیدا، کە لە ئەیلولی 1929 کرایەوە چووە کۆلێژی سەربازیو بە ئەفسەری روکن لێی دەرچوو، دوای ئەوە بۆ خولی ئەفسەرانی پێشین لە بەریتانیا نێردراوە[143]، پاش گەڕانەوەی لە ئەیلولی 1931 لە قوتابخانەی ئەرکان دەبێت بە مامۆستا[144]، دواتر بەهۆی شیاوییەکەیەوە بە مامۆستا لە کۆلێژی ئەرکان دەستنیشان دەکرێت لە خولی دووەمی خوێندنی کە لە کانونی دووەمی 1931 کرایەوەو لەخولی سێیەم کە لە 6 کانونی دووەمی 1934 دەستی پێکرد، وێرای خولی چوارەم کە لە کانونی دووەمی 1936 کرایەوە، پاشان بە پلەی زەعیم روکن لە(17 ئەیلولی 1944- شوباتی 1945) بوو بە فەرماندەی کۆلێژی ئەرکان[145].

محەمەد رەفیق عارفیش دوای خوێندنی سەربازی لەناوخۆی وڵاتو بەریتانیاو بینینی چەندین خولی سەربازی، دەچێتە کۆلێژی ئەرکان لە خولی شەشەم کە لە کانونی دووەمی 1938 کرایەوە و بە ئەفسەری روکن لێی دەرچوو، پاشان دەبێت بە فەرماندەی کۆلێژی ئەرکان لە 14 ئابی 1947 تاوەکو 12 تشرینی دووەمی 1951 لەو پۆستەدا بەردەوام دەبێت[146]. ئەوەش کۆتا کەسی کورد بوو فەرماندەی کۆلێژی ئەرکان لە سەردەمی پاشایەتیدا وەربگرێت.

بە گوێرەی هەمموو ئەوانەی خرانەڕوو، دەردەکەوێت ئەفسەرانی کورد پێگەو رۆڵی دیارو بەرچاویان لە خوێندنی سەربازیدا هەبووە، بەشێوەیەك لە پێکهاتەو پەرەپێدانو بەرێوەبردنو فەرماندەیی کردنی قوتابخانەو خانەو کۆلێژەکانی سەربازییدا جێگەدەستی کەسایەتیو ئەفسەرانو ئەکادیمیانی کورد بە ڕوونی دیارە.

## ئەنجام:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1.کورد لە بنیاتنانو پەرەپێدانی سوپای عێراقدا رۆڵو بەشداری گرنگو دیاری هەبووە، هەر لەدامەزراندنو دروستکردنی بەش و یەکەکانی سوپاو پاشان فراوانکردنیدا بەپێی قۆناغە جیاوازەکان تا کۆتایی سەردەمی پاشایەتی.

2.کورد بەشداری کاراو کاریگەری لە پێکهاتەی سوپای عێراقدا هەبووە، بەجۆرێك توانیویەتی چەندین پیگەو پۆستی هەستیارو گرنگو باڵا لەسوپاو سەرکردایەتیکردنی سوپادا بەدەستبهێنێت، کە چەندین ئەفسەری کورد توانیویانە پۆستی سەرۆکی ئەرکانی سوپا بگرنەدەست.

3.ئەفسەرانی کورد رۆڵی کارایان لە پەرەپێدانی خوێندنی سەربازیدا هەبووە، بە مەبەستی پێشخستنی توانای ئەفسەرانو ئامادەکردنی ئەفسەرانی لاوی تازە پێگەیشتوو بەپێی پرۆگرامو زانستی سەربازی سەردەم بۆ سوپا، کە چەندین ئەفسەی کورد وەك مامۆستا لە قوتابخانەو کۆلێژە سەربازییەکاندا خزمەتیان کردووە.

4.لە دامەزراندنو بەرێوەبردنی خانەو قوتابخانەو کۆلێژی سەربازیدا، کورد رۆڵی کاریگەرو پێگەی دیارو باڵایان هەبووە، هەروەك چەندین ئەفسەری

**کورد یەك لەدوای یەك بوون بە فەرماندەی قوتابخانەو کۆلێژی سەربازیو رۆڵیان لە بەرەو پێشبردنیدا بینیوە.**

([1]) سلێمان فەتاح سلێمان: لە ساڵی 1891 لەدایك بووە، دوای تەواوکردنی خوێندنی سەربازی لە ئەستەنبول لە سوپای عوسمانیدا دەبێت بە ئەفسەر، لە 18 کانونی یەکەمی 1921 پەیوەندی بە سوپای عێراقەوە دەکاتو پلەی سەرۆك (نەقیب)ی پێدەدرێت، دەبێتە یاوەری وەزیری بەرگری، پاشان لە ساڵی 1925 دەبێت یاریدەدەری فەرماندەی خوێندنگەی سەربازی، لەساڵی 1927 بەشداری خولێکی سەربازی لە هیندستان دەکات، ساڵی دواتر پلەکەی بۆ موقەدەم بەرزدەکرێتەوە، پاشان لە خزمەتی سەربازی خۆی تەسریح دەکات، لەماوەی نێوان ساڵانی 1930 – 1948چەند جار بە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵدەبژێردرێت، لە حوزەیرانی 1960 لە لەندەن کۆچی دوایی دەکات. (فەیسەڵ ڕەسوڵ خۆشناو: بایۆگرافیای ئەفسەرانی کورد، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2018، ل170).

([2]) تأريخ القوات العراقية المسلحة، الجزء الأول، تأسيس الجيش العراقي 1921، الطبعة الأولى، الدار العربية للطباعة، بغداد، 1986، ص188.

([3]) كمال مظهر أحمد: موقف الملك فيصل الأول من المسألة الكردية في العراق، في كتاب بناء الدولة العربية الحديثة تجربة فيصل بن الحسين في سورية والعراق، إعداد وتحرير غسان ابو الشعر، منشورات جامعة آل البيت، الاردن، 1999، ص55.

([4]) رجاء حسين حسني الخطاب: تأسيس الجيش العراقي وتطور تشكيلاته خلال مرحلة الأنتداب 1921-1932، مكتب رضا التميمى، بغداد، 2006، ص31.

([5]) حيدر غانم مطوك: سياسة العراق العسكرية فى العهد الملكى دراسة تحليلية فى وثائق المجلس النيابى العراق 1925-1958، الطبعة الأولى، مكتبة دجلة، بغداد، 2016، ص100.

([6]) علاء جاسم محمد: جعفر العسكري ودوره السياسي والعسكري فى تأريخ العراق حتى عام 1936، الطبعة الأولى، مكتبه اليقظة العربية، بغداد، 1987، ص147.

([7]) شێخ ئەمین شێخ عبدالغفور بەرزنجی: لە ساڵی 1860 لە سلێمانی لەدایك بووە، لە ساڵی 1880 لە کۆلێژی جەنگی ئەستەنبوڵ بە پلەی مولازمی پیادە دەرچووە، بەشداری جەنگی یەکەمی جیهانی کردووە، لە دروستکردنی سوپای عێراقدا فەرماندەی یەکەم فەوجی ئەو سوپایە بووە، لە چلەکانی سەدەی بیستەمدا بە پلەی عەقید خانەنشین کراوە، لە ساڵی 1953 کۆچی دوایی کردووە. (فەیسەڵ ڕەسول خۆشناو: س. پ، ل94؛ فاروق ابراهيم شريف: الضباط الكورد فى الجيش العراقي منذ تأسيسه عام 1921، الجزء الأول، الطبعة الأولى، 2014، ل29).

([8]) تأريخ القوات العراقية المسلحة، الجزء الأول، ص201-202.

([9]) رجاء حسين حسني الخطاب: تأسيس الجيش العراقي وتطور تشكيلاته ...، ص31.

([10]) عبدالرزاق أحمد النصيرى: نورى السعيد ودوره فى السياسة العراقية حتى عام 1932، الطبعة الثانية، مكتبة اليقظة العربية، بغداد، 1988، ص92-93؛ تأريخ القوات العراقية المسلحة، الجزء الأول، ص188؛ تأريخ القوات العراقية المسلحة، الجزء الثاني، الجيش فى العهد الملكى ابان الانتداب 23 اب 1921- 3 تشرين الاول 1932، الطبعة الأولى، الدار العربية، بغداد، 1987، ص141.

([11]) تأريخ القوات العراقية المسلحة، الجزء الثاني، ص141.

([12]) م. ن، ص224؛ رجاء حسين حسني الخطاب: تأسيس الجيش العراقي وتطور تشكيلاته...، ص31.

([13]) حاجی ڕەمەزان عەلی ئاغا: لە ساڵی 1883 لەدایك بووە، لە ساڵی 1904 پلەی ئەفسەری بەدەستهێناوە، لە سوپای عوسمانیدا خزمەتی کردووە، دوای دامەزراندنی سوپای عێراقو لە 18 حوزەیرانی 1921 پەیوەندی بە سوپای ناوبراوەوە کردووەو دامەزراوە، لە 18 تەموزی 1921 بە فەرماندەی یەکەم سریەی پاسەوانی پاشایەتی دیاریکراوە، پاشان کراوە بە فەرماندەی کەتیبە، پلە سەربازییەکانی تا پلەی لیوا بڕیوە، پاشان لە ماوەی (13 ئازاری 1940- 1 تەموزی 1940) موتەسەڕیفی لیوای سلێمانی بووە. (تأريخ القوات العراقية المسلحة، الجزء الأول، ص202، 225؛ ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە: شاری سلێمانی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، 1987، ل425؛ فەیسەڵ ڕەسوڵ خۆشناو: س. پ، ل136).

([14]) تأريخ القوات العراقية المسلحة، الجزء الأول، ص202.

([15]) ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە: س. پ، ل482.

([16]) تأريخ القوات العراقية المسلحة، الجزء الثاني، ص224.

([17]) رجاء حسين حسني الخطاب: تأسيس الجيش العراقي وتطور دوره السياسي من 1921-1941، دار الحرية للطباعة، بغداد، 1979، ص42.

([18]) علاء جاسم محمد: الملك فيصل الأول حياته ودوره السياسي فى الثورة العربية وسورية والعراق 1883-1933، الطبعة الأولى، مكتبه اليقظه العربية، بغداد، 1990، ص221.

([19]) عبدالعزيز ياملكى: مذكراتى، كشف القناع عن بعض الوقائع العراقية (1923-1958)، مطبعة ژين، السليمانية، 2019، ص31.

([20]) محمد طربوش: دور العسكر فى السياسة، ترجمة محمود أحمد عزت البياتى، الطبعة الأولى، بيت الحكمة، بغداد، 2012، ص125.

([21]) رجاء حسين حسني الخطاب: تأسيس الجيش العراقي وتطور دوره السياسي ...، ص96.

([22]) محمد طربوش: م. س، ص132-133.

([23]) ليڤی: هێزێکی سەربازی بوو ئینگلیز دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لەعێراق لە عەرەبو کوردو ئاسورییەکان پێکهێنا، بۆ یارمەتیدانیان لە شەڕەکانو بەڕێوەبردندا، بوونی ئەم هێزە تاوەکو ڕادەستکردنەوەی هەردوو بنکەی حەبانیەو شوعەیبیە بە سوپای عێراق لە ساڵی 1954 مایەوە. (هيوا حميد شريف: توفيق وهبي حياته ودوره السياسي والثقافي 1891-1984، مطبعة شڤان، السليمانية، 2006، ص51).

([24]) محمد طربوش: م. س، ص133.

([25]) رجاء حسين حسني الخطاب: تأسيس الجيش العراقي وتطور دوره السياسي ...، ص97.

([26]) محمد طربوش: م. س، ص133.

([27]) رجاء حسين حسني الخطاب: تأسيس الجيش العراقي وتطور دوره السياسي ...، ص37-38.

([28]) م. ن، ص103.

([29]) عەبدولموحسین سەعدون: لە ساڵی 1879 لە ناسریە لەدایك بووە، ئەکادیمیای سەربازی لە ئەستەنبوڵو پاشان قوتابخانەی سەربازی لە ساڵی 1899 تەاووکردووەو بە پلەی مولازمی دووەم لێی دەرچووە، لە تشرینی دووەمی 1921 بۆ عێراق گەڕاوەتەوە، لە 24 نیسانی 1922 لە حکومەتی دووەمی عەبدولرەحمان نەقیب دوای دەستلەکارکێشانەوەی ناجی سویدی  بە وەزیری داد دامەزراوە، لە حکومەتی سێیەمی عەبدولرەحمان نەقیب بە وەزیری ناوخۆ دانراوە پاشان دەستی لەکارکێشاوەتەوە، لە 20 تشرینی دووەمی 1922 حکومەتی پێکهێناوەو دوای سەرکەوتنی لە ئەرکەکەی لە 20 تشرینی دووەی 1923 دەستی لەکار کێشاوەتەوە، بەنوێنەری بەسرە لە ئەنجومەنی دامەزراندن هەڵبژێردراوە و لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنەکە لە 27 ئازاری 1924 بە سەرۆکی ئەنجومەنەکە هەڵبژێردراوەو تاوەکو هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنەکە لە 3 ئابی 1924 لەو پۆستە بەردەوامبووە، لە 27 تشرینی دووەمی 1926 بە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران هەڵدەبژێردرێت، چەند جارێکی تر حکومەت پێکدەهێنێت تاوەکو لە 19 ئەیلولی 1929 حکومەتی چوارەمی پێکدەهێنێت، تا لە 13 تشرینی دووەمی 1929 کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت. (حسن لطيف الزبيدي: موسوعة السياسة العراقية، الطبعة الثانية، العارف للمطبوعات، 2013، ص402- 403).

([30]) تأريخ القوات العراقية المسلحة، الجزء الثاني، ص50.

([31]) م. ن، ص50.

([32]) تەها سەید سەلمان ئەلهاشمی: لە ساڵی 1888 لە بەغداد لەدایك بووە، کۆلێژی جەنگی لە ئەستەنبول لە ساڵی 1906 تەواوکردووەو بە پلەی ئەفسەر لە سوپای عوسمانی دەرچووە، لە ساڵی 1909 کۆلێژی ئەرکانی تەواوکردووە، لە ساڵی 1918 گەیشتووەتە پلەی عەقید، دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق پەیوەندی بە سوپای عێراقەوە کردووە لە ساڵی 1922، بە فەرماندەی لیوای موسڵ دانراوەو لە ساڵی 1923 کراوە بە سەرۆك ئەرکانی سوپا، پاشان بۆ کاری مەدەنی گوازراوەتەوە، دوای کودەتای بەکر سدقی خانەنشین کراوە، بەڵام دواتر گەڕاوەتەو لە ساڵی 1938 لە حکومەتی سێیەمی نوری سەعید وەزارەتی بەرگری وەرگرتووە، پاشان چەند جاری تر کراوە بە وەزیر، لە ساڵی 1941 و لە ساڵی 1951 بووە بە سەرۆك وەزیران، پارتی (بەرەی گەلی یەکگرتوو)ی پێکهێناوەو بووە بە سەرۆکی پارتەکە، لە ساڵی 1954 بە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی ئاوەدانکردنەوە دەستنیشانکراوە، پاشان لەرۆژی 14 تەموزی 1958 لە کارەکەی دوورخراوەتەوە، خاوەنی چەندین توێژینەوەو کتێبی بڵاوکراوەیە، لە 11 حوزەیرانی 1961 لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە. (حميد المطبعي: موسوعة أعلام وعلماء العراق، الجزء الأول، الطبعة الأولى، مؤسسة الزمان للصحافه والنشر، بغداد، 2011، ص429).

([33]) تأريخ القوات العراقية المسلحة، الجزء الثاني، ص50.

([34]) هيوا حميد شريف: م. س، ص54-55.

([35]) م. ن، ص56؛ ڕەمزی قەزاز: بزوتنەوەی سیاسیو رۆشنبیری کورد لە کۆتایی چەرخی نۆزدەهەمەوە تا ناوەڕاستی چەرخی بیست، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، 2008، ل159-160.

([36]) هيوا حميد شريف: م. س، ص63-64.

([37]) م. ن، ص65؛ كمال مظهر أحمد: م. س، ص550.

([38]) تأريخ القوات العراقية المسلحة، الجزء الثاني، ص108.

([39]) دارا جمال غفور: محمدامين زكي ودوره السياسي والاداري في العراق 1924-1948، مطبعة شڤان، السليمانية، 2008، ص40.

[40]() علي صالح الكعبي: نواب ألوية أربيل والسليمانية والموصل في مجلس النواب العراقي في العهد الملكي (1925-1958م)، الطبعة الأولى، دار الينابيع للطباعة والنشر والتوزيع، ستوكهولم، 2011، ص17-18.

([41]) دارا جمال غفور: م. س، ص47.

([42]) بڕوانە، تقرير امين زكى نائب السليمانيه بشأن الجيش العراقي، مطبعة الحكومة، بغداد، 1929.

([43]) دارا جمال غفور: م. س، ص38.

([44]) هيوا حميد شريف: م. س، ص51.

([45]) دارا جمال غفور: م. س، ص39.

([46]) كمال مظهر أحمد: م. س، ص550.

([47]) یاسین ئەلهاشمی: لە ساڵی 1882 لە بەغداد لەدایك بووە، خوێندنی لە قوتابخانەی روشدیەی سەربازیو پاشان ئامادەیی سەربازی لە بەغداد لە ساڵی 1899 تەواوکردووە، پاشان لە کۆلێژی جەنگی ئەستەنبول لە ساڵی 1902 بە پلەی مولازمی دووەم دەرچووە، دوای ئەوە لە ساڵی 1905 لە کۆلێژی ئەرکانی عوسمانی دەرچووە، چەندین پۆستی سەربازی لە سوپای عوسمانیدا وەرگرتووەو لە چەند بەرەی جیاوازدا بەشداری لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا کردووە، لە ساڵی 1918 پەیوەندی بە حکومەتی عەرەبی سوریا بەسەرۆکایەتی میر فەیسەڵ دەکاتو بە پلەی میر لیوا دەبێتە سەرۆکی ئەنجومەنی شورای جەنگی، لە ساڵی

1922 بۆ عێراق دەگەڕێتەوە، چەندین جار پۆستی وەزراەتی پێدەدرێتو دوو جاریش حکومەت پێکدەهێنێت، دوای کودەتای بەکر سدقی لە ساڵی 1936 ناچار بە دەستلەکارکێشانەوە لە حکومەت دەکرێتو پاشان لەلایەن حکومەتی نوێوە بۆ دەرەوەی وڵات دووردەخرێتەوە، تاوەکو لە 21 کانوونی دووەمی 1937 لە بەیروت کۆچی دوایی دەکات. (بڕوانە، سامي عبدالحافظ القيسى: ياسين الهاشمى وأثره فى تأريخ العراق المعاصر 1922-1936، دار دجلة، بغداد، 2012).

(48) تأريخ القوات العراقية المسلحة، الجزء الثانى، ص64.

(49) م. ن، ص65.

(50) بۆ دەق مەرسومەکە بڕوانە، تأريخ القوات العراقية المسلحة، الجزء الثاني، ص62.

(51) م. ن، ص141،63.

(52) م. ن، ص113،99.

(53) كمال مظهر أحمد: م. س، 550.

(54) خالید مەحمود زەهاوی: کوڕی مەحمود کوڕی موفتی محەمەد فەیزی زەهاوییە، لە 3 تەموزی 1889 لە بەغداد لەدایك بووە، لەساڵی 1906 خوێندنگەی جەنگی ئەستەنبوڵی بەسەرکەوتوویی تەواوکردووەو لەسوپای عوسمانیدا بووە بە ئەفسەر، دوای گەڕانەوەی بۆ عێراق لە ساڵی 1924 لەناو سوپای عێراقدا بە پلەی (سەرۆك (نەقیب) بووە بە یاوەری مەلیك فەیسەڵی یەکەم، ساڵی 1930 بە پلەی عەقید کراوە بە فەرماندەی خوێندنگەی سەربازی، ساڵی 1933 بۆ بەشداریکردن لە خولی گەورە ئەفسەران لە کۆلێژی ئەرکان بۆ ئینگلتەرا دەنێردرێت، ساڵی 1934 گەڕاوەتەوەو کراوە بە بەڕێوەبەری بزاوتن لە وەزارەتی بەرگری، پاشان دەکرێت بە فەرماندەی هێزی ئاسمانی، دوای ئەوە بووە بە بەڕێوەبەری کارگێری، لە ساڵی 1938 پلەی بۆ لیوا بەرزدەکرێتەوە، پاشان چۆتە ناو کاروباری کارگێڕی دەوڵەتو کراوە بە موتەسەریفی لیوای کوت، ساڵی 1940 کراوە بە موتەسەریفی لیوای بەغداد، ساڵی 1941 دەبێت بە بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی گشتی ئاودێری، لە ساڵی 1943 جارێکی تر دەکرێتەوە بە موتەسەریفی لیوای بەغداد، لە ساڵانی 1943- 1948 بە پلەی وەزیری ڕێپێدراو نوێنەری عێراق بووە لە کابول، دواتر لە شاری مەدینە نیشتەجێ دەبێت، لەساڵی 1961 کۆچی دوایی دەکات. (فەیسەڵ ڕەسول خۆشناو: س. پ، ل165).

(55) كمال مظهر أحمد: م. س، ص550.

(56) رجاء حسين حسني الخطاب: تأسيس الجيش العراقي وتطور دوره السياسي ...، ص131.

(57) م. ن، ص130.

(58) وەرگیراوە لە، عزيز الحاج: القضية الكردية في العشرينات، الطبعة الثانية، مطبعة الأنتصار، بغداد، 1985، ص201-202.

(59) رجاء حسين حسني الخطاب: تأسيس الجيش العراقي وتطور تشكيلاته ...، ص53-54.

(60) رجاء حسين حسني الخطاب: تأسيس الجيش العراقي وتطور دوره السياسي ...، ص42-43.

(61) علاء جاسم محمد: الملك فيصل الأول ...، ص224.

(62) م. ن، ص222.

(63) علاء جاسم محمد: جعفر العسكري ...، ص156.

(64) بۆ دەقی یاساکە بڕوانە، دليل المملكة، الدليل الرسمي للعراق لسنة 1936: دار ومكتبة الحضارات، بغداد، ص441-446.

(65) مجلة كلية العسكرية، عدد خاص بمناسبة العيد الذهبي لتأسيس الجيش العراقي، 6 كانون الثاني 1971، ص30.

(66) م. ن، ص30.

(67) علاء الدين حسين مكي خماس: من أيام العراق الملكي مذكرات أمير اللواء الركن حسين مكي خماس، الطبعة الأولى، شركة دار الأكاديميون للنشر والتوزيع، عمان، 2017، ص118.

(68) م. ن؛ ستيفن همسلى لونگرك: العراق الحديث من سنة 1900 الى 1950، الجزء الثاني، الطبعة الأولى، دار الرافدين للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، 2019، ص45.

(69) تأريخ القوات العراقيه المسلحة، الجزء الثالث، وزارة الدفاع والمقر العام 3 تشرين الأول 1932- 14 تموز 1958، الطبعة الأولى، مركز النهرين للطباعة المتخصصة، 1991، ص62.

(70) م. ن، ص77.

(71) م. ن، ص102.

(72) سامی فتاح سلیمان: ساڵی 1905 لە موسڵ لەدایك بووە و قوتابخانەی سەربازی لە بەغداد لە ساڵی 1925 تەواوکردووە و پەیوەندی کردووە بە سوپای عێراقییەوە، لە ساڵی 1926 نێردراوە بۆ کۆلێژی ساندهیرستی بەریتانی، پاشان پەیوەندی بە هێزی ئاسمانی پاشایەتی عێراقییەوە دەکات کە تازە دامەزرابوو، لە ساڵی 1937 کۆلێژی ئەرکانی عێراقی تەواودەکات، لە ساڵی 1941 لە دوای بزوتنەوەی مایس بە فەرماندەی هێزی ئاسمانی پاشایەتی عێراق دادەمەزراوە تاوەکو ساڵی 1954 لەو پۆستەدا ماوەتەوە، لە ساڵی 1952 پلەی بۆ لیوا بەرزکراوەتەوە، لە نیسانی 1954 کراوە بە وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی پاشان لە حوزەیرانی هەمان ساڵدا بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و لە ئابی 1954 بۆ پۆستی بەڕێوەبەری گشتی بەنداوەکان گوازراوەتەوە، لە حکومەتی عەلی جەودەت ئەیوبی لە ساڵی 1957 و جارێکی تر لە حکومەتی عەبدولوەهاب مەرجان لە هەمان ساڵدا بووە بە وەزیری ناوخۆ، لە حکومەتی نوری سەعید لە ئازاری 1958 دەبێت بە وەزیری کاوریاری کۆمەڵایەتی، لە حکومەتی یەکێتی عەرەبی لە مایسی 1958 دەکرێت بە وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری بەرگری، لە رۆژی 14 تەموزی 1958 بە بریندداری دەستگیردەکرێت و رەوانەی زیندان دەکرێت و بەکەفالەت ئازاد دەکرێت، لە ساڵی 1978 کۆچی دوایی دەکات. (مؤيد الونداوى: شخصيات عراقية كردية فى وثائق بريطانية (1919- 1958)، الطبعة الأولى، مكتبة دجلة، عمان، 2021، ص358- 359؛ فاروق ابراهيم شريف: الضباط الكورد فى الجيش العراقي منذ تأسيسه عام 1921، الجزء الثاني، اربيل، 2017، ص75-76).

(73) فاروق ابراهيم شريف: الضباط الكورد فى ... ، الجزء الثانى، ص65.

(74) ابراهيم محمد العقيدى: الجيش العراقي والسياسة 1941-1953، الطبعة الأولى، مكتبة النهضة العربية، بغداد، 2017، ص501.

(75) بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەوە بڕوانە، مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق 1945-1958، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، 2005، ل281-289.

(76) فاطمة عدنان شهاب الدين: نورالدين محمود ودوره العسكري والسياسي، رسالة ماجستير غير منشورة مقدمة الى مجلس كلية التربية .ابن رشد فى جامعة بغداد، 2007، ص76.

(77) ابراهيم محمد العقيدى: م. س، ص532.

(78) فاطمة عدنان شهاب الدين: م. س، ص76-77.

(79) عبدالرزاق الحسنى: تأريخ الوزارات العراقيه، الجزء الثامن، مكتبة اليقظه العربية، 1982، ص325-326.

(80) فاطمة عدنان شهاب الدين: م. س، ص81-82.

(81) ابراهيم محمد العقيدى: م. س، ص532.

(82) م. ن، ص555.

(83) م. ن، ص557.

(84) عبدالرزاق الحسنى: تأريخ الوزارات العراقية، الجزء الثامن، ص349.

(85) ابراهيم محمد العقيدى: م. س، ص561-562.

(86) م. ن، ص562.

(87) علاء الدين حسين مكي خماس: 377،419.

(88) تأريخ القوات العراقية المسلحة، الجزء الثالث، ص265.

(89) ابراهيم محمد العقيدى: م. س، ص565.

(90) م. ن، ص563.

(91) سالار عبدالكريم فندى الدوسكى: دور نواب السليمانية فى مجلس النيابي العراقي 1945-1958، المطبعة خاني، دهوك، 2008، ص247.

(92) عبدالرزاق الحسني: تأريخ الوزارات العراقية، الجزء العاشر، مكتبة اليقظة العربية، 1982، ص263-264.

(93) تأريخ القوات العراقية المسلحة، الجزء الثالث، ص375-376.

(94) ابراهيم محمد العقيدي: م. س، ص564-565.

(95) تأريخ القوات العراقية المسلحة، الجزء الأول، ص196.

(96) الجيش العراقي في ذكرى الستون 6 كانون الثاني 1921-1981، مطبعة الاديب البغدادية، بغداد، 1981، ص176.

(97) صالح صائب الجبوري: صفحات من تاريخ العراق المعاصر 1914-1958، الطبعة الأولى، منتدى المعارف، بيروت، 2012، ص69.

(98) تأريخ القوات العراقية المسلحة، الجزء الأول، ص196.

(99) صالح صائب الجبوري: م. س، ص69.

(100) معن فيصل القيسي: وزارة الدفاع العراقية 1920-1958 دراسة تاريخية، مطبعة دار البيارق، بغداد، 2020، ص130.

(101) تأريخ القوات العراقية المسلحة، الجزء الثانى، ص348.

(102) م. ن، ص349-350.

(103) م. ن، ص351.

(104) رجاء حسين حسني الخطاب: تأسيس الجيش العراقي وتطور دوره السياسي ...، ص37.

(105) تأريخ القوات العراقية المسلحة، الجزء الثانى، م. س، ص352.

(106) م. ن، ص352.

(107) م. ن، ص354.

(108) الجيش العراقي في ذكرى الستون...، ص176.

(109) لە سەرەتادا قوتابخانەکە ناونرا "قوتابخانەی جەنگی"، دوای ماوەیەکی کەم ناوەکەی گۆڕا بۆ "قوتابخانەی سەربازی" پاشان وشەی "پاشایەتی" بۆ زیادکرا. (تأريخ القوات العراقية المسلحة، الجزء الثاني، ص354).

(110) بڕوانە، م. ن، ص354-355.

(111) مجلة الكلية العسكرية، م. س، ص31.

(112) تأريخ القوات العراقية المسلحة، الجزء الثانى، م. س، ص356.

(113) م. ن، ص356.

(114) ساند هیرست: گوندێکە لە کەرتی بورکشیر لە ئینگلتەرا، لە تەنیشتیەوە ئەکادیمیای سەربازی پاشایەتی دامەزرا کە هەمان ناوی ئەوی هەڵگرت، ئەکادیمیای ساند هیرست لە ساڵی 1802 دامەزراوە لە ساڵی 1946 هوە بەناوی ئەکادیمیای سەربازی پاشایەتی ناسراوە. (عبدالوهاب الكيالي: موسوعة السياسة، الجزء الثالث، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ص105).

(115) محمد طربوش: م. س، ص124-125.

([116]) تأريخ القوات العراقية المسلحة، الجزء الثانى، م. س، ص353.

([117]) م. ن، ص108؛ الكلية العسكرية في 50 عاما 1924- 1974، مطبعة الكلية العسكرية، آيار 1974، ص39.

([118]) دارا جمال غفور: م. س، ص41-42.

([119]) الكلية العسكرية في 50 عاما ...، ص39.

([120]) هيوا حميد شريف: م. س، ص65-66.

([121]) م. ن، ص66.

([122]) وەرگیراوە لە، هيوا حميد شريف: م. س، ص66-67.

([123]) الكلية العسكرية في 50 عاما ...، ص39.

([124]) عبدالرزاق الهلالي: تاريخ التعليم في العراق فى عهد الانتداب البريطانى 1921- 1932، مراجعة عالية عبدالرزاق الهلالى، الطبعة الأولى المنقحة، دار الرافدين، بيروت، 2017، ص232.

([125]) حسن البيضانى: تاريخ الجيش العراقي منذ التأسيس و حتى تحرير الموصل، الطبعة الأولى، دار الكتب العلميه، 2021، ص66.

([126]) محمد حسين الزبيدى: الملك غازى ومرافقوه، دار الحرية للطباعة، بغداد، 1989، ص61.

([127]) مذكرات فؤاد عارف، تقديم وتعليق كمال مظهر أحمد، الطبعة الأولى، دار ئاراس للطباعة والنشر، أربيل، 2009، ص33.

([128]) محمد حسين الزبيدي: م. س، ص62.

([129]) مذكرات فؤاد عارف: م. س، ص33.

([130]) محمد حسين الزبيدي: م. س، ص61.

([131]) وەرگیراوە لە، م. ن، ص62.

([132]) فوئاد عارف: لە ساڵی 1913 لە عەمارە لە دایكو باوكێكی كورد لەدایك بووە، دوای كۆچی دوایی باوكی لە ساڵی 1914و دوای گرتنی بەغداد لەلایەن ئینگلیزەكانەوە لە ساڵی 1917 بۆ سلێمانی دەگەڕێنەوەو لە ماڵی ماجد مستەفای خاڵی دەژی، لە ساڵی 1928 لە كۆلێژی سەربازی وەردەگیرێتو ساڵی 1932 بەپلەی مولازمی دووەم لە كۆلێژی سەربازی دەردەچێت، لە ساڵانی 1936- 1938 دەبێتە یاوەری مەلیك غازی، پلەی سەربازیی تا پلەی لیوا بەرزبووەتەوە، دوای 14 تەموزی 1958 كراوە بە پارێزگاری كەربەلا، پاشان لە كابینەی عەبدولكەریم قاسم لە 7 شوباتی 1959 بە وەزیری دەوڵەت بۆ كاروباری ئەوقاف دیاری كراوەو هەر لەو ماوەیەدا پۆستی وەزیری رێنمایی (الارشاد) بەوەكالەت پێدراوە تا 16 حوزەیرانی 1959، پاشان لە 11 تشرینی یەكەمی 1960 پۆستی وەزرارەتی كشتوكاڵی بە وەكالەت تاوەكو 14 ئایاری 1961 پێدراوە، لە پۆستی وەزیری دەوڵەت بەردوامدەبێت تا دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی 1961 دەستلەكاردەكێشێتەوە، پاشان دوای كودەتای شوباتی 1963 بە وەزیری دەوڵەت دانراوەتەوە بەڵام بەهۆی دەستپێكردنەوەی شەڕ لە كوردستان لە 10 حوزەیرانی هەمان ساڵ دەستلەكاردەكێشێتەوە، لە ساڵی 1967 دەبێت بە جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق و لە 10 تەموزی 1967 دەستلەكاردەكێشێتەوە، رۆڵی هەبووە لە دانوستاندنی نێوان حكومەتی عێراق و سەركردایەتی شۆڕشی ئەیلول بۆ گەیشتن بە بەیانی 11ی ئازاری 1970، دوای ئەوە لە ژیانی سیاسی دووركەوتووەتەوە ئەگەرچی هەندێك جار بە چالاكی سیاسی هەڵدەستا، تا لە ساڵی 2010 كۆچی دوایی دەكات. (بڕوانە، مذكرات فؤاد عارف: م. س؛ محمد سلمان منور التميمي: فؤاد عارف ودوره العسكري والسياسي في العراق حتى عام 1975، رسالة ماجستير غير منشورة مقدمة الى مجلس كلية التربية فى الجامعة المستنصرية، ازار 2008).

([133]) مذكرات فؤاد عارف: م. س، ص33.

([134]) محمد سلمان منور التميمي: م. س، ص24.

([135]) عبدالرزاق الهلالى: م. س، ص349.

([136]) كۆلێژی ئەركانی بەریتانی (كمبرلی): ئەكادیمیای باڵای سەربازییە لە بەریتانیا لە ساڵی 1858 دامەزراوە، ئەركی فێركردنو مەشقو ڕاهێنانی ئەفسەرانی باڵاو ڕاهێنانیان  یوو لەسەر ئەركەكانی ئەركانو چارەسەركردنی كێشە كارگێڕیو رێكخستنە سەربازییەكانی لە ئەستۆ دەگرت، لەلایەن دەستەی مامۆستایانو فەرماندەیەكەوە بە پلەی فەریق روكن سەرۆكایەتی دەكراو بۆ دەرچوواندنی ئەفسەرانی روكنی لێهاتوو، پابەندی سیستەمێكی خوێندنو كارگێڕی دیسپلینكراو بوو، یەكێكە لە گرنگترین كۆلێژەكانی ئەركان بوو لە جیهاندا. (حسن خلف هاشم مسافر العلاق: كلية الاركان العراقية 1928- 1958 "دراسة تاريخية"، رسالة ماجستير غير منشورة مقدمة الى مجلس كلية التربية – الجامعة المستنصرية، بغداد، 2014، ص37).

([137]) م. ن، ص38-39.

([138]) عبدالرزاق الهلالى: م. س، ص349-350.

([139]) حسن خلف هاشم مسافر العلاق: م. س، ص101.

([140]) معن فيصل القيسى: م. س، ص151.

([141]) م. ن، ص151-152.

([142]) حسن خلف هاشم مسافر العلاق: م. س، ص107-108.

([143]) م. ن، ص113.

([144]) تأريخ القوات العراقية المسلحة، الجزء الثانى، ص344.

([145]) حسن خلف هاشم مسافر العلاق: م. س، ص113-114.

([146]) م. ن، ص117-119.

## سەرچاوەكان:


**یەكەم: بڵاوكراوە حكومییەكان**

1. **تأريخ القوات العراقية المسلحة، الجزء الأول، تأسيس الجيش العراقي 1921، الطبعة الأولى، الدار العربية للطباعة، بغداد، 1986.**
2. **تأريخ القوات العراقيه المسلحة، الجزء الثالث، وزارة الدفاع والمقر العام 3 تشرين الأول 1932- 14 تموز 1958، الطبعة الأولى، مركز النهرين للطباعة المتخصصة، 1991.**
3. **تأريخ القوات العراقية المسلحة، الجزء الثاني، الجيش فى العهد الملكى ابان الانتداب 23 اب 1921- 3 تشرين الآول 1932، الطبعة الأولى، الدار العربية، بغداد، 1987.**
4. **تقرير امين زكى نائب السليمانيه بشأن الجيش العراقي، مطبعة الحكومة، بغداد، 1929.**
5. **دليل المملكة، الدليل الرسمي للعراق لسنة 1936، دار ومكتبة الحضارات، بغداد.**
6. **الكلية العسكرية في 50 عاما 1924- 1974، مطبعة الكلية العسكرية، آيار1974.**
7. **مجلة كلية العسكرية، عدد خاص بمناسبة العيد الذهبي لتأسيس الجيش العراقي، 6 كانون الثاني 1971.**
8. **وزارة الدفاع: الجيش العراقي في ذكرى الستون 6 كانون الثاني 1921- 1981، مطبعة الاديب البغدادية، بغداد، 1981.**

**دووەم: تێزە زانكۆییە بڵاونەكراوەكان**

9. **حسن خلف هاشم مسافر العلاق: كلية الاركان العراقية 1928- 1958 "دراسة تاريخية"، رسالة ماجستير غير منشورة مقدمة الى مجلس كلية التربية – الجامعة المستنصرية، بغداد، 2014.**
10. **فاطمة عدنان شهاب الدين: نورالدين محمود ودوره العسكري والسياسي، رسالة ماجستير غير منشورة مقدمة الى مجلس كلية التربية . ابن رشد فى جامعة بغداد، 2007.**
11. **محمد سلمان منور التميمي: فؤاد عارف ودوره العسكري والسياسي في العراق حتى عام 1975، رسالة ماجستير غير منشورة مقدمة الى مجلس كلية التربية فى الجامعة المستنصرية، ازار2008.**

**سێیەم: كتێب**

**أ. كوردییەكان**

12. **ئەكرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە: شاری سلێمانی، بەرگی یەكەم، چاپی دووەم، 1987.**
13. **ڕەمزی قەزاز: بزوتنەوەی سیاسیو رۆشنبیری كورد لە كۆتایی چەرخی نۆزدەهەمەوە تا ناوەڕاستی چەرخی بیست، چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، 2008.**
14. **فەیسەڵ ڕەسوڵ خۆشناو: بایۆگرافیای ئەفسەرانی كورد، بەشی یەكەم، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2018.**
15. **مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسییەكانی كوردستانی عێراق 1945-1958، سەنتەری لێكۆڵینەوەی سترتیجی كوردستان، سلێمانی، 2005.**

**ب. عەرەبییەكان**

16. **ابراهيم محمد العقيدى: الجيش العراقي والسياسة 1941-1953، الطبعة الأولى، مكتبة النهضة العربية، بغداد، 2017.**
17. حسن البيضانى: تاريخ الجيش العراقي منذ التأسيس و حتى تحرير الموصل، الطبعة الأولى، دار الكتب العلميه، 2021.
18. **حسن لطيف الزبيدي: موسوعة السياسة العراقية، الطبعة الثانية، العارف للمطبوعات، 2013.**
19. **حميد المطبعي: موسوعة أعلام وعلماء العراق، الجزء الأول، الطبعة الأولى، مؤسسة الزمان للصحافه والنشر، بغداد، 2011.**
20. **حيدر غانم مطوك: سياسة العراق العسكرية فى العهد الملكى دراسة تحليلية فى وثائق المجلس النيابى العراقى 1925-1958، الطبعة الأولى، مكتبة دجلة، بغداد، 2016.**

21. دارا جمال غفور: محمدامين زكي ودوره السياسئ والاداري في العراق 1924-1948، مطبعة شڤان، السليمانية، 2008.

22. رجاء حسين حسني الخطاب: تأسيس الجيش العراقي وتطور دوره السياسي من 1921-1941، دار الحرية للطباعة، بغداد، 1979.

23. رجاء حسين حسني الخطاب: تأسيس الجيش العراقي وتطور تشكيلاته خلال مرحلة الأنتداب 1921-1932، مكتب رضا التميمى، بغداد، 2006.

24. سالار عبدالكريم فندى الدوسكى: دور نواب السليمانية فى مجلس النيابي العراقي 1945-1958، المطبعة خاني، دهوك، 2008.

25. سامي عبدالحافظ القيسى: ياسين الهاشمى وأثره فى تأريخ العراق المعاصر 1922-1936، دار دجلة، بغداد، 2012.

26. ستيفن همسلى لونگرك: العراق الحديث من سنة 1900 الى 1950، الجزء الثاني، الطبعة الأولى، دار الرافدين للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، 2019.

27. صالح صائب الجبوري: صفحات من تاريخ العراق المعاصر 1914-1958، الطبعة الأولى، منتدى المعارف، بيروت، 2012.

28. عبدالرزاق أحمد النصيرى: نورى السعيد ودوره فى السياسة العراقية حتى عام 1932، الطبعة الثانية، مكتبة اليقظة العربية، بغداد، 1988.

29. عبدالرزاق الحسني: تأريخ الوزارات العراقية، الجزء الثامن، مكتبة اليقظة العربية، 1982.

30. عبدالرزاق الحسني: تأريخ الوزارات العراقية، الجزء العاشر، مكتبة اليقظة العربية، 1982.

31. عبدالرزاق الهلالي: تاريخ التعليم في العراق فى عهد الانتداب البريطانى 1921- 1932، مراجعة عالية عبدالرزاق الهلالى، الطبعة الأولى المنقحة، دار الرافدين، بيروت.

32. عبدالعزيزياملكى: مذكراتى، كشف القناع عن بعض الوقائع العراقية (1923-1958)، مطبعة ژين، السليمانية، 2019.

33. عبدالوهاب الكيالى: موسوعه السياسه، الجزو الپالپ، المؤسسه العربيه للدراسات والنشر.

34. عزيز الحاج: القضية الكردية في العشرينات، الطبعة الثانية، مطبعة الأنتصار، بغداد، 1985.

35. علاء جاسم محمد: الملك فيصل الأول حياته ودوره السياسي فى الثورة العربية وسورية والعراق 1883-1933، الطبعة الأولى، مكتبه اليقظه العربية، بغداد، 1990.

36. علاء جاسم محمد: جعفر العسكري ودوره السياسي والعسكري فى تأريخ العراق حتى عام 1936، الطبعة الأولى، مكتبه اليقظة العربية، بغداد، 1987.

37. علاء الدين حسين مكي خماس: من أيام العراق الملكي مذكرات أمير اللواء الركن حسين مكي خماس، الطبعة الأولى، شركة دار الأكاديميون للنشر والتوزيع، عمان، 2017.

38. علي صالح الكعبي: نواب ألوية أربيل والسليمانية والموصل في مجلس النواب العراقي في العهد الملكي (1925-1958م)، الطبعة الأولى، دار الينابيع للطباعة والنشر والتوزيع، ستوكهولم، 2011.

39. فاروق ابراهيم شريف: الضباط الكورد فى الجيش العراقي منذ تأسيسه عام 1921، الجزء الأول، الطبعة الأولى، 2014.

40. فاروق ابراهيم شريف: الضباط الكورد فى الجيش العراقي منذ تأسيسه عام 1921، الجزء الثاني، اربيل، 2017.

41. كمال مظهر أحمد: موقف الملك فيصل الأول من المسألة الكردية في العراق، في كتاب بناء الدولة العربية الحديثة تجربة فيصل بن الحسين في سورية والعراق، إعداد وتحرير غسان ابو الشعر، منشورات جامعة آل البيت، الاردن، 1999.

42. محمد حسين الزبيدى: الملك غازى ومرافقوه، دار الحرية للطباعة، بغداد، 1989.

43. محمد طربوش: دور العسكر فى السياسة، ترجمة محمود أحمد عزت البياتى، الطبعة الأولى، بيت الحكمة، بغداد، 2012.

44. مذكرات فؤاد عارف، تقديم وتعليق كمال مظهر أحمد، الطبعة الأولى، دار ئاراس للطباعة والنشر، أربيل، 2009.

45. معن فيصل القيسي: وزارة الدفاع العراقية 1920-1958 دراسة تاريخية، مطبعة دار البيارق، بغداد، 2020.

46. مؤيد الونداوى: شخصيات عراقية كردية فى وثائق بريطانيهة (1919-1958)، الطبعة الأولى، مكتبة دجلة، عمان، 2021.

47. هيوا حميد شريف: توفيق وهبي حياته ودوره السياسي والثقافي 1891-1984، مطبعة شڤان، السليمانية، 2006.



**ملخص**

بعد تأسيس الحكومة الموقتة في العراق، من أهم اعماله تأسيس جيش العراقي من قبل ضباط الذين كانوا يعملوا ضمن قوات العثمانية والشريفية، ومن بينهم بعض ضباط الاكراد لديهم دور وتأثير في تأسيس ذلك الجيش وفروعه المختلفه، وبعد رجوع بعض ضباط اخرى والتحاقهم بجيش العراقي، زاد عددهم وتأثيرهم في الجيش، وهذا يتطلب دراسة الموضوع من أبعاد المختلفة، وبيان دور مكونات المختلفة في تكوين جيش العراق، وهذا البحث يهدف عرض دور ومشاركة وتأثير الاكراد كأحدى مكونات العراق في تطوير جيش العراقي في عهد الملكي،

استخدم الباحثان المنهج التاريخي والتحليلي، كما وضعا بعض الاسئلة لتحقيق هدق البحث، وهم:

1- ما مدى مستوى مشاركة الكرد في تكوين الجيش العراقي؟
2- ما هي دور الاكراد في تعليم وتدريب العسكري وإعداد ضباط الماهر؟
3- ما هي دور الاكرار في القيادة وتطوير الجيش العراقي؟

وفي ضوء تساؤلات البحث وصلا الباحثان الى عدة نتائج قد تم عرضها في نهاية البحث.



Abstract

Establishing and forming the Iraqi Army by previous officers, who were members of Ottoman and Sharifian armies and have returned back to Iraq, was one of the essential efforts that has been accomplished after the creation of the interim government of Iraq. Kurdish officers were also among those armies who had some crucial and remarkable roles in creating the army and then forming its various components and units. Thenceforth the role of Kurdish army officers has increased when the other remained Kurdish officers have come back and have joined the Iraqi Army. This fact leads to the researching the topic from different perspectives to manifest the roles of different constituents of the mentioned army. Therefore, studying the role and contribution of the Kurds in the structure and developing the Iraqi army has its own special importance. Consequently, the current study has been conducted for the purpose of indicating the roles and impacts of the Kurd as an important ethnic composition of Iraq in the Iraqi army. It also aimed at demonstrating the manner of the Kurds roles, contributions and effects in growing and expanding the Iraqi army.

Historical analysis method of research has been utilised by the researchers to answer the following research questions:

1. What was the range and the level of the Kurds participation in the composition of Iraqi army?
2. What was the degree of the Kurds' roles in studying the military science and preparing the skillful military officers?
3. How were the impacts and the status of the Kurds in leading and developing the Iraqi army?

The study has reached some outcomes which are presented in the last section.